# بەزاندنی سنوور

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

کارۆڵ ئوتس

# بەزاندنی سنوور

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:
**ئیسمایل ئیسمایل زادە**

ناوی کتێب: بەزاندنی سنوور – چیرۆك
نووسینی: کارۆل ئوتس
وەرگێڕانی: ئیسمایل ئیسمایل زادە
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٦١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مەریەم موتەقییان
هەڵەگری: عەبدولخالق یەعقووبی
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## له بارەی جویس كارۆل ئوتس -ەوە

جـویس كـارۆل ئـوتس، نـووسەری ٦٢ ساڵـەی ئـەمـریـكـایـی زۆربـەی كاتەكانی سەرقاڵی نووسینی رۆمان، شیعر، وتار و كورتەچیرۆكە و تا بە ئـێستـا ٧٠ كـتـێبـی بـڵاو كـردبـێتـەوە. ئـەو هـەورەهـا شانۆیـی و رەخـنـەش دەنووسێ و سەرنووسەری كۆوارێكی ئەدەبییە بە نێوی ontario weiver كە لەگەڵ مێردەكەی دەریدەكات و لە زانینگەی پرینستۆن مامۆستایە.

بە وتەی دانییەل هێلپێرن – ی شاعیر و بڵاوكەرەوی كتێبەكانی ئوتس: **زۆر كاركردنی ئوتس زۆر كەس و بەبەتایبەتی زۆرینەی نووسەران توورە دەكا. بەڵام وێناچێ كە ئەم توورە بوونە لەبەر زۆر كاركردن و رێژەی زۆری كتێبەكانی بێ، بەڵكوو چۆنییەتی و بەرچاویی كتێبەكانی ئەوە كە بۆتە هۆی ئێرەیی پێبردنی نووسەرانی تر. چونكە ئاستی بەرهەمەكانی ئوتس یەك لە دوای یەك بەرەو باشتر دەچن.**

بەڵام نووسەرێكی كە خەریكی نووسینە (و داواتر بەرهەمەكانی تایپ دەكا) چۆن دەتوانێ ئا بەم جۆرە هەڵسوورِو چالاك بێ! ئەو بۆخۆی دەڵێ زۆربوونی بەرهەمەكانم لەبەر گەلاڵە و رێكوپێكییە كە لە ژیانمدا رەچاوی دەكەم: بەیانان زوو لە خەو هەڵدەستم و تا دەرەنگانێ خەریكی نووسینم. ئوتس لە گەڵ ریمۆند سمیت – ی مێردی و دوو پشیلەكەیان لە پرینستۆن – نیوجێرسی دەژین. بە وتەی خۆی كاتێ خەریكی كارێكی تری جیا لە نووسین بێ دیسان لە بیری بەرهەمەكانی خۆی دایە. هەوێنی زۆرینەی چـیـرۆكـەكـانـی بـەتـایبـەتـی لـە كـاتـی پـیـاسـەكـردن و راكردن و بـایسیكڵ لێخورین دێتە زەینییەوە.

گـیـۆرگ جـانسۆن كـە ژیـانـنـامـەی ئـوتسی لـە ساڵـی **١٩٩٨** بـڵاو كردووەتەوەدەڵێ: **جـویس كـارۆل ئوتس ژیـانێكی رێكوپێكی هـەیـە و لـە**

**ژیانی دا بە پێی بەرنامە دەجوڵێتەوە و ئەوە شتێکە کە ئێمە لێی بێ بەریین.**

ئوتس لە زۆربەی کتێبەکانیدا باسی ئەم پرسە دەکا کە چۆن توندوتیژی دەتوانێ بنەماڵە و بەتایبەتی ژیانی ژنان لێك هەڵوەشێنێتەوە. بە وتەی خودی ئوتس: **من ڕووداوەکانی ژیانی ئەمریکایی دەنووسمەوە، ئێمە بە درێژایی مێژوو توانای ئەوەمان هەبووە کە توندوتیژی لە خۆمان نیشان بدەین و ئەگەر ئەمە وەبەرچاو نەگرین کارێکی هەڵەمان کردووە. ئەوشتەی کە بۆ من گرینگ و جێی سەرنجە ئەو کردەوەیەیە کە لە بەرامبەر توندوتیژیدا نیشان دەدرێ و دەبێتە هۆی کاریگەریی لە ژیانی ژنان و منداڵاندا.**

ئەم بەرهەمەی بەر دەست لە حەوت چیرۆك و سێ وتار پێکهاتووە، جا لەبەر ئەوەی کە زۆربەی بەرهەمەکانی ئوتس نەکراوەتە فارسی، تەنیا ئەم چەند بەرهەمەم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەست کەوت و سەرنجڕاکێشیی ئەم چەند بەرهەمەش منی بۆ وەرگێڕانیان هان دا.

(وەرگێڕ)

## ئەگەر سەرناویکمان بۆ ژنێکی ئەدیب دەبوو

کاتێ میخائیل گۆرباچۆف و ژنەکەی لە ساڵی **١٩٨٧** هاتنە ئەمریکا، بۆ ڕێزگرتن لەوان ژمارەیەك هونەرمەند و ئەکتەر بۆ میوانییەك بانگهێشت کران. جویس کەرۆل ئوتس، رۆماننوس، چیرۆکنووسی ئەمریکایی لە نێو میوانەکاندا بوو. لەو میوانییەدا لە لایەن گۆرباچۆف و ژنەکەیەوە رێز لە ئوتس گیرا. ئەگەر ئەم رێزلێنانە بە ڕاستی بووبێ پەیوەندی بە بەرهەمی زۆر و بەنرخی ئوتس – ەوە هەیە.

ئوتس یەکەم کۆچیرۆکی بە نێوی By the North Gate لە ساڵی **١٩٦٣** بڵاو کردەوە. ئەو زیاتر لە بیست رۆمانی – کە هەر کامێکیان ماوەی ساڵێکیان نێوان بوو – بڵاوکردەوە. هەروەها چەند کورتە چیرۆك، شێعر و وتاری بە چاپ گەیاندووە. بێجگە لەوانە چەندین کتێبی بە نێوی رۆزامۆندسمیت بڵاوکردووەتەوە. تەنانەت بۆ نووسەرێکی پڕکار و ماندوو ئەگەر ئەم هەموو بەرهەمە مەترسیهێنەر نەبێ، جێی سەرسووڕمانە. بڵێی ئەم بەرهەمانە بە پێز بن؟ بەڕاستی گۆرباچۆف چەند کتێبی لەئوتس خوێندووەتەوە؟

بنەماڵەی ئوتسی کاتۆلیك پێشتر گوندنشین بوون و ئێستا لە ریزی کرێکارانی کۆمەڵ دان. ئوتس لە ئێری نیۆیۆرك لە لای باپیر و نەنکی (لە لایەن دایکەوە) گەورە بوو. ئۆتس نێردرایە قوتابخانەیەکی ناوەندی لە نزیکی بوفالو ودواتر چووە زانینگەی سیراکیوز و لەوێ دەرەوشایەوە. **دۆنالد. ئی. دایك** مامۆستای ئەدەبیات ئوتس – ی وەکو سەرکەوتووترین خوێندکار کە تا بە ئێستا لە زانستگەی سیراکیوز بیندراوە، ناساند.

یەکەم سەرکەتوویی ئوتس وەدەست هێنانی خەلاتی کێبەرکێی mademoiselle college fiction بوو ئوتس لە زانینگەی **ویسکا نسین**

پلەیەکی سەرتر لە کارناسی وەرگرت و دواتر لەگەڵ ریمۆند جۆزێف سمیت کە مامۆستای زمانی ئینگلیزییە، ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ئەو لەو کاتەوە لە زانستگەی دیترۆیت و زانستگەی وێندسۆر لە ئینتاریۆی کانادا دەستی کرد بە موتالاکردن و وانە گووتنەوە. ئێستا ئوتس لە زانستگەی پرینستۆن مامۆستایە و بە هاوڕێیی مێردەکەی بۆتە سەر نووسەری گۆوارێك بە نێوی the ontario revew لە زەمانی فاکنێرەوە تا بە ئێستا هیچ نووسەرێکی ئەمریکایی بە قەد ئوتس توندو تیژی ئاوێتەی بەرهەمەکانی نەکردووە. رەخنەگران زۆرجاران باسی توندوتیژی بەرهەمەکانی ئوتس – یان کردووە و زۆر بوونی قەتڵ، دەستدرێژی و برك و ژانی لەش لە بەرهەمەکانی ئوتس دا ئەم راستییە دەسەلمێنن. ئەو لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا ترس لە توند وتیژی زەینی ئەوی بە خۆیەوە خەریك کردووە یان تەنیاهەستی خەڵکی دووپات کرووەتەوە، دەڵێ: من هەست بە ئیشتیاو هەروەها ترسیش لە دەوروبەری خۆم دەکەم و رەنگە من تەنیا هەر ئەوەم لە خەڵکی جیا کردبێتەوە. ئەم وتەیەی ئوتس تووشی ماندوویيمان دەکات و هەروەها زۆر رووداوی سامناك بۆ کەسایەتی رۆمان و چیرۆکەکانی پێش دێ. بێگومان شی کردنەوەیەکی وەها ناتوانێ رازیمان بکات. رەنگە بتوانین رۆمانی them١٩٦٩ کە خەڵاتی کتێبی میللی وەرگرت، کاریگەرترین و سەرنجراکێشترین سیمبولی روانینی ئوتس بە رووداوگەلێك بێ کە لە ژیانی دووبەرەی بنەماڵەیەکی هەژار لە دیترۆیتدا پێش هاتووە.

مورین وندال شێرە ژنی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە شازدە ساڵی دا تووشی هەڵەوهەرزەیی دێت و وەها دەکەوێتە بەر شەق و لێدانی زڕباوکی کە حاڵەتێکی خەماوی و کپی بە سەر دادێ. دواتر دیسان چاك دەبێتەوە و لە گەڵ کەسایەتییەك بە نێوی جویس کەرۆل ئوتس دەورەیەکی نووسەری تێپەڕ دەکا. جولز برای مورینیش لە دوای چەند رووداوی جیاواز لە

شۆڕشی دیترۆیت دا ئەفسەرێکی پۆلیس دەکوژێ و لە ئاکامدا دەکەوێتە بەر گوللەی ژنێك و دەمرێ. ئوتس لە پێشەکی ئەم رۆمانەدا دەنووسێ: بۆ نیشاندانی روداوی سامناك و مەرگاویی ژیانی خەڵکی هەژار درۆ نەکراوە. بەڵام یەکێك لە رەخنەگرانی بەرهەمەکانی ئوتس ناسراو بە ئێلیزابێت داڵتۆن وەبیرمان دێنێتەوە: توندوتیژی هێندە زۆر و دایمەیە... کە خوێنەر بێ لایەن دەکا و هیچ سەرنجێکی پێ نادرێ و وێ دەچێ کە ئیدی گرینگایەتییەکی بۆ خوێنەر نەبێ.

هەرچۆنێك بێ دروست یان نادروستی ئەم تاوانە زۆر جار لە لایەن رەخنەگرانی بەرهەمەکانی ئوتسەوەیە، وەپاڵ خوێنەر دەدرێ. بەڵام بێگومان شەپۆلی وشەکان لە بەرهەمەکانی ئوتسدا لە دوو دەیەی پێشووەوە بیندراون، ئێمە بە دژواری دەکاتە هاورێی خۆی و رەنگە ئەوەمان لە بیر بچێتەوە.

بە بۆنەی ئەو رۆمانانەی دیکە لە دەیەی ١٩٨٠ دا بڵاو بوونەتەوە وەکو:
-A BLOCDSMOOR,1982-THE MYSTERIES OF WINTERTHURN 1984 BELLEF FLEURE 1980.

دەتوانرێ لایەنگرەکانی ئوتس لە محەك بدرێن.

شوێنێ سەرەکی و ناوەندی رووداوی نێو بەرهەمەکانی ئوتس، بەشی باکووری پارێزگاری نیۆیۆرك – ە کە لە بەرهەمی YOU MUST REMEMBER THIS,1987 دا دەست نیشان کراوە. دەتوانرێ ئەم بەرهەمە بە ئاوێنەی مێژووی ئەمریکا لە دەیەی ١٩٥٠ دابنرێ. بەرهەمەکە زانیاری زۆر رروونی لە سەر وەرزشی بۆکس پێیە کە رەنگە لە هیچ کتێبێك دا نەبێ.

بەرهەمی GOLDEN GLOVS نەتەنیا باسی ژیانی سەر رینگی بۆکس دەکا بەڵکو بۆ جارێکی تر ئازاری داسەپاو بە سەر کەسایەتی چیرۆکەکان

نیشان دەدا کە لە حاڵی نقووم بوون دان. هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە تا بتوانین جیاوازی نێوان بەرهەمەکانی ئوتس بناسین. بەڵام ئەو لە حاڵی خولقانی بەرهەمێك دایە کە سەرنجی **ئاپادایك** بۆ لای خۆی رادەکێشێ. ئاپادایك دەڵێ: **ئەگەر سەرناوێکمان بۆ ژنێکی ئەدیب هەبووایە و بدرابوایە بە هەڵکەوتووترین نووسەر ژنی ئەمریکا، لێم روونە کە بە جویس کەرۆل ئوتس دەگەیشت.**

## به سەرهاتی مێرلین مۆنرۆ کچی قژ زێڕینی ئەمریکایی

## لە زمانی جویس کەرۆل ئۆتسەوە

میرلین مۆنرۆ کچێکی بە رەگەز ئەمریکایی بوو. کەسایەتی و ژیانی پڕ لە کێشەی ئەوتۆیە کە زۆر کەس لە لایەنگران و هاوپیشەکانی خۆی فریو دەدا. زیاتر لە سێ دەیەیە کە باسی بەسەر هاتی نوورماجین بێکیر کراوە کە زیاتر بە نێوی هونەرییەکەی، میرلین مۆنرۆ ناوبانگی دەرکردووە، بەڵام هیچ کات لە قاڵبی گێڕانەوەیەکی پڕجۆشدا وەکوو کچی قژ زێڕین نەهاتووەتە زەینەوە. جۆیس لە سەرکەشترین بەرهەمی خۆیدا کە تا بە ئەمڕۆ نووسیویەتی بۆ جارێکی تر ژیانی دەروونی شاعیرانە و مانایی نوورماجین بیکێر دەکێشێتەوە. چیرۆکەکە لە زمانی نوورماجینەوەیە کە دیمەنێکی تەواو ناخییە و نیشاندەری سیمای ژنێکی گەنج و بەتوانا و بەڵادیتووە. ئەم کەسایەتییە لە نیوەی دوایی سەدەی بیستەمدا پێك دێ. ئەو هێور هێور چیرۆکە ئەفسانەیەکەی دەگێڕێتەوە: **چۆن هونەرمەندێکی ئەمریکایی ڕێی لێ ون بوو.**

ئوتس بەکەڵك وەرگرتن لە کتێبی مێژوویی و خودێکی ژیاننامەیی، گەشەکردنی ئەم ژنە نیشان دەدا. ئەو بە شێوەیەك دەنووسێ دەڵێی هیچ کات وەها نووسراوێکی پڕتامەزرۆی نەبوو. هەرەها رۆحی بەرزی نێوەرۆك، نووسراوەکەی وەخۆ گرتووە. ئەم گێڕانەوە سیحراوییە کە پڕە لە بینینی دەروونناسی و ئایرۆنێکی ترسهێنەر، سەردەمای منداڵی و مێردمنداڵی چۆنییەتی عادەتی میرلین مۆنرۆ وەدەر دەخا.

دەنگی گنی نوورماجین و میراتی گەورەی میرلین مۆنرۆ بە وێنەی ئاوێنەیەکی بەرامبەری دنیای سێبەر، وەکوو هالیوودە کە باش حاڵی

نەبوون و گۆڕانی پێوەند داوە. کەرۆل ئوتس بە سەرنجدانی تایبەت بە هونەری تاقەت پڕووکێنی ئەکتەری و فیلم سازی پرۆسەی دڵساردکەری کۆمەڵگای پیشەکاریی نیشان دەدا.

کچی قژزێڕین نیشاندەری وێنەگەلێکی سەرسووڕهێنەر و زۆرجاران مەترسیهێنەری پیاوانێکی بەتوانایە کە لە ژیانی جین دا هەن: کچی قژزێڕین رۆمانێکی هەمەلایەنەیە لە بارەی جادووی شاراوەی ژنێك، میراتی هەرمانی ئەستێرەیەکە و گێڕانەوەی دڵشکاوییە کە بۆ ئەوپەڕی جەماوەری دیمەنی سەدەی بیستەم دەڕوا.

**– لە کوێوە بەرهەمی کچی قژزێڕین[١] خولقاوە؟ هۆی هەڵبژاردنی میرلین مۆنرۆ[٢] و خاڵی جێی سەرنجی رۆمانەکە چ بوو؟**

چەند ساڵ لەوەپێش بە هەڵکەوت وێنەی نوورماجین – ی حەڤدە ساڵانەم بینی. ئەو بە قژی رەشی درێژ و لوولییەوە کە بۆ جوانی گوڵی لێدابوو، دیمەنێك لە میرلین مۆنرۆ بوو کە هاتە زەینمەوە. لە مندا هەستێکی چەند کاتی وەکوو ناسین بە دیهات. ئەم کچە گەنجە ئەمریکاییە بە پێکەنێنێکی پڕ هیواوە منی خستەوە بیری ئەو کچانەی کاتی منداڵیم کە بەشێکیان ماڵ و حاڵی شێواویان بوو. بۆ چەند رۆژ هەستێکی پڕجموجۆڵم تێدا ورووژابوو کە رەنگە بتوانم ژیانێکی نوێ بە بەر ئەو کچە ونبووە تەنیایە دابکەم. من پێم وایە چیرۆکی ژیانی نوورماجین کۆنینەیەکی چاولێکردن و ئوستوورەیی بوو. لە کۆتاییدا ئەو دەبێ ئەو نێوەی کە لە خۆوە لە سەر خۆی دانابوو (نۆرماجین) وەلابنێ و نێوی ستۆدیۆیی میرلین مۆنرۆ وەخۆ بگرێ. ئەویش دەبوایە قژە قاوەییەکەی زێوین بکا، دموچاوی بخاتە ژێر تیخی نەشتەرگەری و جلوبەرگێکی هەست بزوێن لەبەر بکا. گەلاڵەی داڕشتنی نۆڤێلێکی سەدوحەفتاوپێنج لاپەڕەییم لە زەین دابوو کە دوا رستەشی بە میرلین مۆنرۆ تەواو دەبوو. شێوەی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە

وەکوو ئەو چیرۆکانەیە کە باوەڕپێ نەکراون.

**– ئاشکرایە کە ئێوە رۆمانێکی درێژتان نووسیوە نەك نۆڤێلێك، چۆناوچۆن بوو وای لێهات؟**

لەم نووسینەدا، بە تایبەتی نۆڤێل، شیکردنەوەیەکی قووڵتر و شێوەیەکی حەماسی وەدەست هێنا و بوو بە ڕۆمانێك. گووتتان ئەوە چۆن وای لێ هات؟ زۆر جار وەها شتێك وای لێ بەسەر دێ. کچی قژزێڕین چەند شێوازی هەیە، بەڵام شێوازی داسەپاو بە جێی شێوەی چیرۆکی باوەڕ پێنەکراویی سووریال، دەروونناسییە. دوای ئەوە کە فۆڕمی نۆڤێلم وەلانا فۆڕمێکی حەماسیم بەدیهێنا تا لەگەڵ پێچوپەناکانی ئەو ژیانە بسازێ. مەبەستم بە دیهێنانی ژنێك بوو کە وەکوو **ئێما بوواری** نیشاندەری کات و شوێنی خۆی هەبێت. هەڵبەت لە ڕاستیدا نورماجین لە ئێما بوواری ئاڵۆز و سەرسووڕهێنەرترە.

**– چ شتێك بوو بە هۆی ئەوەی کە ئێوە ئەم جۆرە بینینە نائاساییە (گێڕانەوەی لە مردوو بوون یان دوا مەرگی) کە لە لایەن خودی نوورماجینەوە باسی لێ دەکرێ، هەڵبژێرن؟**

وەڵامدانەوە بەم پرسیارە کارێکی سووك و سانا نییە. لەحن، شێوە روانین، وێنە و دیمەنی تەوساوی، دووری و مەودای ئوستوورەیی ئەم شوێن پێ نوێ دژبەیەکە بە مەبەستی گەیشتنی درووستی من لە ڕێگایەکەوە کە ڕەنگە کەسێك وا هەست بکا لە کۆتایی ژیانیدا یان لە کاتی لەدەست چوون و مردنیدا (کاتێ ژیانی ئەو کەسە دەکەوێتە ژێر چاوەدێری ئارمانجی رابردووی) خەونی ژیانی تێپەڕبووی دەبینێ. نورماجین دەمرێ و میرلین مۆنرۆی هونەرمەند و ئافرێندراو، لە رواڵەتدا بەرەو هەرمانی دەڕوا.

**– ئەم کتێبە ٧٠٠ لاپەڕەییە درێژترین رۆمانی ئێوەیە. بەڵام رەشنووسەکەی زیاتر لە ١٤٠٠ لاپەڕە بوو. بە چ هۆیەك ئەم رۆمانەت ئاوا کورت کردەوە؟**

ئەم ڕۆمانە ١٤٠٠ لاپەڕەییە دەبوایە کورت بکرابوایەتەوە، ئەو بەشانەی کە بە شێوەیەکی تایبەت لە نووسراوەکە دەرهاوێشتراون سەربەخۆ دەچنە ژێر چاپەوە. ئەمانە بەش بەشی ژیانی نورماجین پێکدێنن. بە بڕوای من چەشنێك زمانی نوورمای راستەقینەیە. ئەوەش دەبێ بڵێم ڕۆمانێکی ئاوا درێژ دەبێتە کۆسپ. ئیزنی چاپی ئەم ڕۆمانە بە تەواوی زمانەکان بێجگەلە زمانی ژاپۆنی دراوە. لە کاتی وەرگێڕاندا١/٣ یان ١/٢ ئەم ڕۆمانە زیاتر لەو زمانە دەبێ کە پێی نووسراوە. بۆ وێنە وەرگێڕدراوی ئەم ڕۆمانە بۆ سەر زمانی ئاڵمانی زۆر زیاتر لە ئەسڵی بەرهەمەکەیە.

**– تکایە پرۆسەی نووسین لە کاتی خۆ گرتنی ئەم ڕۆمانەمان بۆ باس بکەن.**

لە ڕۆمانێکی وەها درێژدا پێویست بوو لەحنی گێڕانەوە کێش دراو و هاوئاهەنگ بێ. من دایمە دەگەڕامەوە بۆ دواوە و دیسان دەمنووسییەوە. کاتێ بە ٢٠٠ لاپەڕەی کۆتایی گەیشتم دەستم بە ٣٠٠ لاپەڕەی سەرەتا کردەوە تا لە یەکدەست بوونی لەحنی گێڕانەوە بحەسێمەوە (هەرچەند ئەم لەحنە بە پیربوونی نوورما دەگۆڕدرێ). لە راستی دا ئەم تەکنیکە بە هەموو ڕۆماننووسەکان پێشنیار دەکەم، تەنانەت بۆ بەرهەمە کورتەکانیش.

**–لە دەیەی ١٩٦٠ بەملاوە ژمارەیەك لە نووسەرە ناسراوەکان وەکوو کاپت[٣]، ویدال[٤]، مەیلێر[٥]، دێلیلۆ[٦]، و کەسانیتر سەرنجیان دایە سەر ڕۆمانی بەرزەفڕانە لە بارەی ناوداران، ریسواکان، کەسایەتییە مێژووییەکان. ئێوە ڕۆمانی کچی قژزێڕین لە نێو ئەم دەستە ڕۆمانانە کە ئەدەبیاتی داستانی نین، دادەنێن؟**

دەتوانرێ شوێنی دەسپێکی ئەم جۆرە ڕۆمانانە لە بەرهەمی ئەمریکای جان دۆش پاس[٧] دا بێ. وێنەکانی ئەم ڕۆمانە کە تێکەڵاوێکە لە خەڵکی

راستەقینە لە گەڵ کەسایەتییە خەیاڵییەکان، بە شێوەیەکی خوڵقاو و هەست بزوێن بەدیهاتوون. بەشی هەرەزۆری رۆمانی کچ قژزێرین بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەدەبیاتی چیرۆکییە. لە راستیدا خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە لە ئەدەبیاتی داستانیدا نین دەتوانن بە لاڕێمان دا بەرن. لە پێشەکی کتێبەکەدا گوتوومە: ئەگەر بە شوێن رووڕاستی واقعی یان مێژووییەوەن دەبێ بە دوای ژیاننامەکاندا بچن. ئەوە لە حاڵێکدا کە رۆمان، هەقیقەتی مانایی، خەیاڵی یان شاعیرانەی ویستووە.

**– نیگەرانی ئەمە نەبووی کە رەنگە سەرنجڕاکێشی ناویانگ و ئوستوورەی میرلین مۆنرۆ زەینتان لە مەبەستی هونەری دوور بخاتەوە؟**

**ئیمتیازی بەکارهێنانی راستەقینەی شکخوازانەی ژیانی ئەو، بە جێی خوڵقانی کەسایەتییەکی خەیاڵی بۆ هێنانە گۆڕێی هەقیقەتی مانایی یان خەیاڵییەك کە بەشوێنەوەی بووی، چ بوو؟**

هیوادار بووم تا بە هەڵبژاردنی رووداو، وێنە، کەسایەتی نیشاندەری ژیان، هەقیقەتی ناخی مانایی و خەیاڵی دابنێم و هۆگری کتێبی مێژوویی و بەسەرهاتی نەبووم. کردەوەکانی پێش چاپ و ئەو وتووێژانەی کە تا بە ئێستا کراون، نیشاندەری خوێندنەوەیەکی دڵمەندانە و هاوبیر و ژیرانەی ئەم رۆمانە لە لایەن خوێنەرەکانەوەیە. هەڵبەت رەنگە کەسانێك بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم سەردێڕە کە چ دەنووسن (ئەدەبیاتی چیرۆکی یان ئەدەبیاتی چیرۆکی لە سەر بنەمای مێژوو) رەخنەی سووك کردنیان لە بابەت ئێمەوە بێ، رەنگە ئەو نووسەرە بۆچوونی خۆی پێ باش بێ و کردەوەی جۆراوجۆر و چاوەڕواننەکراوی کەسانی تر رەت بکاتەوە.

**– ئێوە لێکدانەوەیەکی دوور و درێژتان لە بارەی ژیانی میرلین مۆنرۆ و تەکنیکی ئەکتەری، ئەنجام داوە. بە چ هاوبەشییەك لە نێوان نووسەری و ئەکتەری گەیشتوون؟**

**–لە کاتی نووسینی ئەم رۆمانەدا جۆرێك هەستی نزیکایەتی و پێوەندی بە مۆنرۆ لە ئێوەدا بەدی نەهات؟**

بە هەڵسەنگاندن لە گەڵ کاری دۆستانی توێژەر و ژیاننامەنووسدا، لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ نەبوو. بەڵکوو گەڵاڵەیەکی تەواوم لەم ژیانەدا بەدیهێنا کە لەگەڵ ژیانی ئەو کات نزیکایەتی هەبێ (رۆمانی کچی قژزێڕین تارادەیەك رۆمانی رامیارییە. چەند قاتکردنی بێ بەقایی لەگەڵ سەردێڕی **رێد سکەر**[٨] خەیانەت و فرتوفێڵ لە هالیوود، بۆچونەکان لە بارەی ئەو شتەی دەتوانرێ بە شەڕی سارد ناودێر بکرێ: ئێمە خولقاوی خوداین، یەکێتی سۆڤییەت لەگەڵ شەیتان پێوەندی هەیە). هیوادارم تەواوی رۆمانە دووردرێژەکانم – هەڵبەت نەك بە شێوەی دەستێوەردان – رامیاری بن. شانۆ و ئەکتەری لە پلەی بە دیهاتوویەکە ئەزموونەکانی مرۆڤ نیشان دەدا سەرنجڕاکێشە. بۆچی ئێمە پێمان خۆشە باوەڕ بە کردەوەی ئەکتەرێك بکەین یان ئەوەی بکەوینە ژێر کاریگەری جووڵانەوەی هەستی واقعی چوارچێوەکان یان دەقێك کە دەزانین واقعی نییە؟ لە ساڵی ١٩٩٠ وە تا بە ئێستا لەگەڵ شانۆ پێوەندیم هەبووە و دەرهێنەر و ئەکتەرێکی زۆر منیان خستووەتە سەرسوڕمانەوە. بەڕواڵەت ئەکتەری لە زاتی نوورماجین دایە لە بەر ئەوەی رەنگە ئەو گەوهەری دەروونی بوونی نەبوبێت. (وا بیر دەکەمەوە هیچ کات باوەڕم نەدەکرد کە شیاوی ژیان کردنم. هەر ئەو کارەی کە کەسانی تر دەیکەن پێویست بوو ژیانم لێك بدەنەوە).

ئەمە رستەکانی نوورماجین بوو کە بە دیواری پشت مێزەکە هەڵم واسیوە. لە خۆم دەپرسم چەند کەس لە ئێمە دەتوانین بە بێ هیچ جیاوازییەك وەکوو یەکتری هەست بکەین!

**– چ شتگەلێك لە بارەی کەسایەتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ میرلین مۆنرو**

**– بۆ وێنە مێردی سێیەمی مۆنرۆ واتە ئارتوور میلێری شانۆیی نووس – لە دەقێکی ئەدەبی چیرۆکیدا لە زەینتان دابوو؟ ئێوە لەگەڵ ئارتوور میلێر یان هەر کەسێکیتر کە لە مۆنرۆ شتێك بزانێ وتووێژتان کردووە یان لە پێوەندی دابوون؟**

لە بارەی میرلین مۆنرۆ لەگەڵ هیچ کەس وتووێژم نەکردووە. خۆ ئەم رۆمانە لە بارەی مۆنرۆوە نەبووە. نوورماجین شوو بە کەسایەتییەکی ئوستوورەیی دەکا نەك کەسایەتییەکی مێژوویی.

مێردەکانی ئەو، ورزشکار و شانۆیی نووس بوون. ئەگەر بمویستبوایە لە بارەی جۆدیماجۆ(٩) و ئارتوور میلێر(١٠)وە بنووسم پێویست بوو لە بارەی ئەم پیاوانە و تایبەتمەندییە ئاڵۆزەکانیانەوە بە شێوەیکی تر بنووسم. لە راستیدا ئەگەرچی ئەم شانۆیی نووسە زۆرجاران لە ناخەوە نیشان دەدرێ. ئاشکرایە کە من لە گەڵ ئەم شانۆیی نووسە هاوخەمی دەکەم و لە ئاکامدا ئەو لە بەشی کۆتایی رۆمانەکەدا دەبێتە دەنگی ویژدان. بەڵام بیرەوەرییەکانی ئارتوور میلێرم نەخوێندەوە و یان هیچ وتووێژێکم لەگەڵی پێك نەهێنا.

**– ناویانگی مۆنرۆ بە نێوی ئەکتەری ژن قسە هەڵگرە. سەرکەوتوویی ئەو وەك هونەرمەندێك چۆن دەبینن؟**

ئەو لەزاتی خۆیدا ئەکتەرێکی رەمزاوی بوو. لە سینەماشدا وەکوو هونەر مەبەست گرینگە نەك چۆنییەتی بەڕیوەچوون. بۆ وێنە پرۆسەی نووسین و ئەکتەری گرینگ نییە بەڵکوو تەنیا ئەوشتەی کە سەرنجی ئێوە بۆ لای نێوەرۆکی سەرەکی رادەکێشێ گرینگە. وێدەچێ کە ئەم چۆنییەتییە بە شێوەیکی رەمزاوی پێوەندی لەگەڵ بەرهەمی کۆتاییەوە نییە.

**– بڵێی نووسینی کچی قژزێڕین ئاڵوگۆڕێکی لە بۆچوونی کەسایەتی ئێوە لە بارەی نوورماجین بیکێری درووست کربێ؟**

له کۆتاییدا نوورماجینم به کەسایەتییەکی گۆشەگیر و لایەنگری شێوە بیرێکی تایبەت کە نیشانەری هیچ شتێك بێجگەلە خۆی نەبێ لە زەیندا نەبوو. ئەو لە زەینمدا وەکوو کەسایەتییەکی گشتگیر بوو. هیوادارم کە بە کێشانەوەی ئەو لە لایەن منەوە، لە گیروگرفتەکانی جنسی سەرتر بووبێ و خوێنەری پیاو وەکوو خوێنەری ژن لەگەڵی هاودەردی بکا. بەڵام من پێشنیار بە کەس ناکەم کە ڕۆمانێکی ڕیالیستی، دەروونناسی لە بارەی کەسایەتی مێژوویی کە دەگوترێ تووشی خۆکوژی هاتووە بنووسێت.

زۆر پرژانە.

## پەراوێزەکان:

١- BLONDE.

٢- (١٩٦٢-١٩٢٦) Marilyn Monre ئەکتەری ئەمریکایی کە سیمبوولی سەرنجڕاکێشی جنسی بوو. ئەو لە فیلمە بازرگانییە سەرکەتووەکانی دەیەی ١٩٥٠ دا ئەکتەریی کرد.

٣- (١٩٨٤-١٩٢٤) Truman Copote رۆماننوس، شانۆیی نووس و وتارنووسی ئەمریکایی.

٤- (١٩٢٥-...) GORE VIDAL رۆماننوس، شانۆیی نووس و وتارنووسی ئەمریکایی.

٥- (١٩٢٣- ...) Norman Mailer ر ۆماننوسی ئەمریکایی.

٦- Don Delillo رۆماننوسی ئەمریکایی.

٧- (١٩٧٠-١٨٩٦) John Dos Passos یەکێك لە ناسراوترین رۆماننوسانی ئەمریکایی (بەرەی ون بوو).

٨ - The Dimaggo ترس و خۆفی بەرپرسە سیاسییەکان ئەمریکا، بەتایبەت سی و سێیەمین سەرۆك کۆماری ئەم وڵاتە - هێری ئێس ترومان - لەبەر تاوانبارکرانی بە خراپەکاری و خەیانەت و هاودەستی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان.

٩ - (١٩١٤-...) JOE DIMAGGO بەیس بالیستی ئەمریکایی و هەروەها مێردی دووەمی میرلین مۆنرۆ.

١٠- (١٩١٥-...) ARTHUR MILLER شانۆیی نووسی ئەمریکایی و هەروەها مێردی سێیەمی میرلین مۆنرۆ.

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوەی وتووێژێکە لە نێوان دوو نــووسەر، دوو ژنــی نــووسەر و گــەنــج. پــرسیــارەکــانــی جویس کەرۆل ئوتس لە ئوتوود لە راستی دا هەر ئەو کـێشەیــەیــە کــە ئــوتس دەیــەوێ وەڵامــیــان لــە زمــانــی کەسێکی ترەوە ببیستێ. رەنگە وەڵامی ئوتوود بتوانێ کەمێك لە کێشەکانی ئوتس کەم بکاتەوە.

## رەخنە دژوارترین فۆرمی نووسین

وتووێژی جویس کارۆل ئوتس لەگەڵ مارگریت ئوتوود

**پ: ئێوە لە ژێر کاریگەریی کام شاعیر دابوون؟ ئێوە زیاتر هۆگری شیعری مۆسیقایین یا شیعری دەربڕین؟**

و: ئەو کاتەی دەستم بە شیعر گوتن کرد، لە پێشدا چوومە ژێر کاریگەریی شیعرەکانی **ئێدگار ئالین پۆ**وە. ئــەو کــات مـن خـوێـنـدکـار بـووم و شاعیرانی دوای ساڵی ۱۹۱۰– م نەدەناسی. من وا بیر ناکەمەوە کە شیعر جووڵانەوەیەکی **ئەقڵانی** بێ، بەڵکوو زیاتر جووڵانەوەیەکی سەر بە بیستنە. زۆربەی شیعرەکانم بەو وشانە دەست پێ دەکەن کە بە هۆی مۆسیقایی بوونیانەوە لە دڵەوە نزیکن نەك لەبەر ماناکانیان.

لە لای من جوڵانەوە و سەروای شیعر زۆر گرینگە. بەڵام وەکوو زۆربەی

شاعیره مۆدێرنەکان سەروا لە نێو بەیت دا حەشار دەدام تا پێش بە دووپاتبوونەوەی بەپلەی پیتەکان یان دژایەتی ئەو پیتانە بگرم کە لەباری مۆسیقاییەوە لێك نزیك نین و هەروەها بتوانم گرینگییەکی زیاتر بە بریسکانەوەی دوایی شیعر بدەم. هەر کام لە شیعرەکان بۆ من هەڵگری دەنگێکی تایبەتین. ئەم دەنگە تایبەتەش وەکوو نێوەرۆکێك کە شیعر باسی لێ دەکا بۆ من گرینگە. هەڵبەت نامەوێ گرینگی شیعری دەربڕین کەمتر لەوەی کە هەیە نیشان بدەم. بەڵام کاتێ خوێندکاران توشی مامۆستاکەیان دەبن دەپرسن شاعیر دەیەوێ چی بڵێ؟ رقم هەڵدەستێ چونکە ئەم وتەیە ئەوە دەردەخا کە شاعیر تووشی گۆجی وتە بووە و ئەو شتەی کە دەیەوێ بیڵێ ناتوانێ بیدرکێنێ، هەروەها کاتێکی زۆرت لێ دەگرێ و خوێندکاران تووشی گرفت دێن.

**پ: دوای ئەوەی لە دوو کۆشیعری سیاسەتی پێوەندیدار بە هێز و توانا و ئایا بەختەوەرن بە لاپەڕێکی کەم و بە لەحنێکی تەوساوی باسی پێوەندی نێوان ژن و پیاوتان کرد، وادیارە دوایین کتێبی شیعریتان باسی ئاڵوگۆڕیی روانگە و بۆچوونەکانتان دەکا. لەم بابەتەوە و هەروها لە بارەی ئەو نووسینانەی کە ئێستا بە دەستانەوەیە بدوێن.**

و: لە دوایین شیعرەکانمدا کەمتر باسی نێوان ژن و پیاوم کردووە. چونکە لە لای من پێوەندیی ژنان لەگەڵ یەکتری گرینگییەکی تایبەتی نیشان داوە (مەبەستم پێوەندی نێوان دایەگەورە، دایك، کچ و خوشکە)، پێوەندیی نێوان کولتوورەکانیش هەر ئاوایە. ئێستا خەریکی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك لە شیعرەکانم بە نێوی **شیعرە دوو سەرەکان** و **نسێی شیعرەکان** و هەروەها خەریکی نووسینی چیرۆکێکم کە هیوادارم بتوانم لە کۆچیرۆکی **کچە سەماکەرەکان** دا بڵاویان بکەمەوە.

پ: **ئـایـا هـەقـایـەتـەکـان، ڕۆمـانسەکـانـی شێوازی گـوتـیك و بـاقـی ئەفسانەکانتان وەکوو بەرهەم گەلێکی ئاسایی خوێندووەتەوە؟**

و: من ماوەیەکی زۆر هۆگری چیرۆکی شێوازی گوتیك، فانتزی و چیرۆکی میتافیزیکی و ئەو چیرۆکانەی کە نزیك بەوانن بووم. بەجۆرێك کە تـێزی نـاتـەواوی دکـتـۆراکـەم بـە نـێوی **ڕۆمـانسی مـیـتـافـیـزیك لـە ئینگلستان** ە. ڕەنگە ئەم هۆگرییەم بگەڕێتەوە سەردەمای منداڵیم. شەش ساڵان بووم کە سەرجەمی کتێبی **هەقایەتەکانی گریم** یان بۆ هێنام. خوشکەکەم دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە ترسا بوو. بەڵام من ئاشقی ببوم. هەڵبەت ئەم هەقایەتانە بۆ منداڵان نەنووسراون و لە ڕاستـیدا گـەورەکـان لـە دوای خـوێندەنـەوە ئـەوانـیـان دەگێڕاوە. ئەم هەقایەتانە زۆر شتیان تێدایە کە ئێستا بۆ منداڵانی بە باش نازانین. ئـەو شتـەی کـە سەرنجی مـنـی بـۆ لای خـۆی ڕاکـێشابـوو وردە شتـی مـەترسی هـێنـەر و ئـاڵـگـۆڕی فۆرم و چۆنیـەتییـەکان بوو. شتێکی سەرنجڕاکێشتر لە بابەت ئەو هەقایەتانە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەقایەت گەلێك وەکوو **سێندرێلا** کە نێوەرۆکێکی بڕیار لەسەر دراوی هەیە، پاڵەوانە کچەکان ئەقڵ و تێگەیشتن و توندوتۆڵییەکی زۆر لە خۆیـان نـیشان دەدەن. هـۆی ئـەمـەش ئـەوە نـەبـوو کـە داوێن پـاك و دیندارن بەڵکوو بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە ئەقڵی خۆیان سەرکەوتوو بوون. بێجگەلەوەش خۆ هەمیشە جادووگەرە دڵ پیسەکان ژن نین.

پ: **ئێوە بەرهەمەکانی خۆتان (شیعر و چیرۆك) لە فۆرمی چەند دەنگیدا دەنـووسن. ئـایـا هـەستـتـان بـەوە کـردووە کـە چـیـرۆك بـۆ نـووسـەر کەسایەتییەکی تری دەوێ و لەگەڵ شیعر جیاوازی هەیە؟**

و: بـەڵـێ کـەسایـەتـی نـووسەر بـە تـەواوی جـیـاوازی هـەیـە. ئـەگـەرچـی خوێنەران و ڕەخنەگران لە بەر ئەوەی هەر ئەو دوو نێوە لە سەر ئەو

دوو بەرهەمە دادەنێن، ئەوان بەیەکتری پەیوەند دەدەن. دەتوانم گرێو بکەم کە رەخنەیەك بە نێوی نهێنی بنووسم بەڵام هیچ کەس نەتوانێ گومان بکا کە من نووسیومە. ئەگەر نووسین بە شێوەیەك بەیانی خود بزانین نووسەر نیشاندەری خەیاڵکردنە. بە بۆچونی من ڕەخنەنووسین دژوارترین شێوەی نووسینە، چونکە ئەرکێکی لە سەر شانە: ڕەخنەی کتێب و گەیاندنی ئەو رەخنەیە بە خوێنەر. شیعر و چیرۆك شادیهێنەرترین فۆرمی نووسینن. بە بۆچونی من کەسایەتی نووسەر بە چەشنێك دەڕوانێتە کۆمەڵگا. روانینێك کەزیاتر سەرسوورماو و جارناجارێکیش ناهومێد و دڵساردە. لە بابەت ئاخافتنەکان کە پێوەندی بە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆك یان تەنانەت بە قسەکردن لە بەرامبەر حازرەکاندا هەیە، من هۆگرییەکم بە ئاخافتن نییە. وابزانم وەکوو زۆربەی نووسەران و شاعران لە زانین سەبارەت بە هەقیقەتەوە خۆبەزلزان و بە هەوا نیم. کاتێ لە زانستگە وانەم دەگوتەوە لە سەر تەختەڕەشی پۆل دیاگرامم دەکێشاوە تا بە کێشانەوەی چەند هێلێك تاڕادەیەك ئاماژە بە چەند شت بکرێ.

پ: **پێم سەیرە کە خوێنەرە وشیارەکان وەکوو عادەتی هەمیشەیی ئەو بەرهەمەی کە بە یەکەم کەسی تاك دەنووسرێ، بە ژیاننامەی نووسەری دەزانن، هەر بۆیە جارجارێکیش ناهومێد دەبم. دەزانم کە زۆرجاریش بەهەڵە لە بەرهەمەکانی ئیوە حاڵی بوون، ئێوە ئەم روانگەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: وابزانم ئەم گرفتە پێوەندی بە ئەمریکای باکوور و کاناداوە بێ. چونکە لە ئینگلیس سوننەتی دێرینەی ئەدەبی و نزیکایەتی لەگەڵ نووسەر پێش بەمجۆرە هەڵەیە دەگرێ. نووسەرە ژنەکانیش زیاتر تووشی ئەم گرفتە دێن. چونکە بە پێی باوەڕی گشتی، ژن ناخگەرایە و داهێنانی کەمترە. بە بۆچونی من چەند هۆ بۆتە سەرچاوەی ئەم روانگەیە.

یەکەم ئەوەی سوپاسێك بێ بۆ کتێبەکە، لێرەدا کتێبەکە نووسەری رازی کردووە. لەم روانگەیەوە هەقیقەتی هەیە و ئەم راستییە بێجگە لە نووسەر زیاتر پێوەندی بە چ کەسێکەوە دەبێ؟ جاری وایە کاتێ بە خوێنەران دەڵێم ئەوەی من نووسیومە لە بارەی ژیانی خۆمەوە نییە و ئەو رووداوەی کە باسی لێ کراوە بۆ من پێش نەهاتووە، وابیر دەکەنەوە کە کڵاو چووەتە سەریان (هەڵبەت دەتوانرێ رۆمان یان چیرۆکێك لە ژیاننامەی نووسەرەوە هەڵقولا بێ چونکە وێنە و کارەکتێرەکان بە زەینی نووسەردا تێ پەڕیون و هەڵبژێردراوی ئەون)، ئەم چەشنە خوێنەرانە دەیانەوێ هەموو شتێك هەقیقەتی هەبێ. ئێمە لەمبەری دەریای ئەتڵەسەوە روانگەیەکی رۆمانتیکیمان بەرامبەر بە نووسەر هەیە و نووسین نەك بە کارکردێك بەڵکوو بە بەشێك لە بوونی نووسەری دەزانین. وابیر دەکەینەوە کە نووسەر باسی خۆی دەکا بۆیە بەرهەمەکانی دەبێ ژیاننامەیی بن. ئەگەر کتێب بە شتێکی درووستکراو وەکوو گوڵدانێك شوبهێندرابووایە رەنگە وەها گرفتێکمان نەدەبوو. بەم حاڵە ئەم روانگەیەی کە باسمان کرد زۆر قورس و قایمە. لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی خوێندنەوەی کتێب لەمبارەوە گوتوومە کە سەرچاوەی رووداوەکانی نێو کتێبەکانم ژیانی خۆم نین و پاڵەوانی سەرەکی من نیم و تاد. دواتر بەشێکم لە رۆمانی خاتوونی پێشگۆ خوێندەوە، بەم حاڵە دەبێ ئەمەش بڵێم لە پێش نووسین لە سەر شوێنێك پێویستە بچمە ئەو شوێنە. من دەتوانم کاراکتێرەکان بجووڵێنم، بەڵام بۆ پێکهێنانی فەزایەك کە کەسایەتییەکان تێیدا توانای جوڵانەوەیان هەبێ پێویستمان بە دنیای مادی هەیە.

# چیرۆک

# بەزاندنی سنوور

ئیوان مێردێکی گەنج ڕەنگ پەڕیو و خەمۆك و تووڕە بوو. ئەو بەپەلە بەرەو مەبالی پیاوانەی وێستگەی سانۆکۆ – ی دیترۆیت هەڵات و ڕێنێی ژنـی بـێ ئـەوەی بـتـوانـێ یـارمـەتـی بـدا، لـە مـاشێنـەکـەدا چـاوەڕوانـی کۆبوونەوەی دواتر ماوە. گەرما هێزی لێ بڕیبوو. دەترسا: **نەکا ئیوان هێڵنج بدا**.

سنـوور چـەنـد لـەمـپـەڕ لـەو بـەری دیـوارەکـەیـە. لـە بـاشوورەوە هـاتـبـوون. ماوەیەکی زۆر لە ماشێن دابوون. زۆری نەمابوو بگەنە سنوور. نیشتمانی نوێیان وڵاتێکی باشووری دەبێ. کەمتر لە سێ دەقەی تر دەگەیشتنە سنوور. ئەوێش دەبێ وەکو ئێرەکانە گەرم بێ. ڕێنێ لە فلۆریدا چاوی لە نەخشەکەی کرد و کەوتە نێو خەیاڵاتی هەوای تازە و فێنك و شنەبای هەمیشەیی ئەرکتیك – ەوە. بیرکردنەوە لەم خەیاڵاتە ئەویش لەم هەلومەرجەدا بێ مانا بوو. ئەو باشتر دەیزانی کە لەم خەیاڵاتە سەرسووڕماو دەبێ، بەڵام لە هەموو کاتێ باشتر دەیزانی کە لە خۆوە ئەم خەیاڵاتە ناکا. لەم کاتەدا سنووری وڵاتی کانادا هێور هێور بەرەو ڕۆژهەڵاتی باشووری، سوارای نێوان زرێباری huron وerie بوو. دەتگوت ئەمە دەریا بوو ڕۆدەچوو نەك وڵاتێکی سەرسەخت و پتەو وەکو وڵاتی کانادا.

تێپەڕین لە سنوور واتە سەفەر بۆ باشور، بۆ ڕۆژهەڵاتی باشووری.

سەیرە. هاتن لە باشووری دیترۆتەوە بۆ کانادا نامۆیە. شتێك وەکو وەبیرهێنانەوەی وەشەی خانوو. ژن دەبێ ئەمە وەبیر مێردەکەی بێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر هەر وەڵامێك لەم بارەیەوە ئازاری بدا، دەبێ ئەم کارە بکا.

ژان لە چەشنی بێدەنگی لە ئیوان – دا خۆی نیشان دابوو.

– ببورە . ببورە. لێم ببورە!

لە چەند حەوتووی پێشووەوە خۆیان بۆ ئەم سەفەرە ئامادە کردبوو. بەڵام لەمبارەیەوە هیچیان نەگوت. تەنانەت لە دوایین رۆژدا دروست رۆژێك پێش دەسپێکی سەفەریش کەمتر لەگەڵ یەکتر دەدوان. ژیان کۆمایەکی ئاڵۆزە لەو کارانەی کە دەبێ تێپەڕ بێ. بڕیاری لە سەر بدرێ. کامڵ بێ و بە ئاکام بگا. دروست وەکو ئەم بێدەنگییە قورسە. ئیوان هەرچەند کەمدوێن بوو بەڵام خۆی زۆر بە پیاو دەزانی. هەنگاوە قورس و قایمەکەی پیاوێکی بە هەیبەتی دەهێنا زەینەوە. تەنانەت کاتێ بە کەوشەوە هەنگاوی هەڵدەهێناوە میچی ماڵە کرێکان دەلەرینەوە... وەها توند پاژنەی بە عەرزی دادەدا دەتگوت لەم بابەتەوە تووشی نەهاتی دێت. سەیر ئەوەبوو کە ئەو نەهاتییە بچووکەی کە بەسەرهات ئوستوورەیی نەبوو بەڵکو دەگەڕاوە سەر فیزیۆلۆژی لەشی.

ئەو بۆ رێنێ هەموو شت نەبوو.

خەڵکی فلۆریدا عادەتیان وابوو کە بە پێخاوسی بە رێدا بڕۆن. هەڵبەت بوونی جاڵجاڵوکە، قالۆنچە، مار و دووپشك ئەوانی تووشی مەترسی دەکرد. رێنێ لە نێو ماشێنەکەدا زۆر جاران کەوشەکانی دادەکەند و بە بوێرییەوە لاقی رووتی دەخستە سەر گازی ماشێنەکە. ئەم ئاکارەی بۆ خودی خۆشی کەمێك سەیر بوو. کاتێ کە منداڵ بوو لە ماڵێکی خۆشی بەشی رۆژاوای مێنتهێن دەژیا. هەڵبەت نەك لە ڕوانگەی سیستمی ئاڵوگۆڕی هەوا، چونکە بنەماڵەکەی لە وەرزی هاویندا دەچوونە مەین، ئەو شوێنەی کە هەموو کات هەوا سارد و باراناوی بوو. کەناری دەریای مەین خیزەڵانی بوو و رێنێ لەوێ ناچار بوو هەمیشە کەوش لەپێ بکا.

–بۆچی هێشتا شتومەکت نە پێچاوەتەوە؟

رێنێ ئاراوقەرای نەبوو، بە پێخاوسی دەسووڕاوە و ئەمە بۆ هەستێکی خۆش بوو. لەو کاتەوە ئەوان لە حاڵی راکردن دابوون. بە بێ هیچ تاوانێك

ئەوان ئازاد بوون، ئازاد.

ژنەکە چووە چێشتخانە، ئەو جێیەی کە لەوێدا مێردەکەی خەریکی خواردنی شیری نێو قوتویەك بوو... ئەو ئیشتیای لە شیر نەبوو بەڵام رقی لەوە بوو کە شتگەلێك وەکو چێشت، جلوبەرگ، سابوون، خەمیری ریش و یان تەنانەت کلینێکس فڕێ بدا. ئەو دەیویست بزانێ جانتاکە ئەوەندە پڕ بوو کە مێردەکەی بیتوانێ؟

– و... سەعات چەندەیە؟

سەعاتەکەی خەوتبوو.

ئیوان لەماوەی درێژخایەنی لێخوڕین بەرەو باکوور، بلوزێکی سپی کە یەخەکەی گوشاد و قۆڵەکانی سادە بوو و هەروەها شۆرتێکی لەبەر دابوو. وێدەچوو کە دەمێکە ئوتوو نەکراون. بازۆڵە و سینگ و پیلێکی پیاوانەی هەبوو. بەڵام لاقی کز و رەنگ پەڕیو دەهاتە بەرچاو. قولاپەی سپی و باریکی لە قولاپەی رێنێ دەچوو. لاقی درێژ و بەهێزی و قامکە رووتەکانی دەگەیشتە تەختی بنی ماشێنەکە. رێنێ وای دەنواند کە نایبینێ و سەرنجی ناداتێ.

ئەو بۆ ئیوان پێکەنی. ئیوانیش هەروا. خۆشم دەوێی.

ئەوان دەیانتوانی بە ڕۆژێك بگەنە لکزینگتۆن؟

رێنێ بلوزێکی شینی سادەی بێ قۆڵی لە بەردابوو و تیشکی هەتاو لەشی ئازار دەدا. سەرنجی ئەوەی نەدەدا کە کراسی قۆڵدار دەیتوانی باسکی لە تیشکی هەتاو بپارێزێ. دەموچاوی بە تینی هەتاو تاوەسووت بوو... ئەم سووتانەش بەهۆی هەتاو و هەوای ئەوێ بوو. لە نێو ئەو نامانەی کە بۆ دایکی نوسیبوو شتێکی وەکو بەرپەرچدانەوەی گوتبوو، بەرپەرچدانەوەیەکی یاسایی بەرامبەر بە شکایەتێکی رەسمی. بێ بەزەیی ئەم گەرمایەش بڕستی لێ بڕیبوو، دەتگوت شوێنیشی نەکردبوووە.

سووك كردنه، له مرۆڤایەتی بەدووره، مەگەر وا نییه؟

هەمووی ئەوانه پێوەندی بە سیستمی ئاڵوگۆڕی هەوای ماشێنەکەوە بوو کە دایمە لە کاردەکەوت و هەوای گەرم و پیشاوی دەهێنا نێو ماشێنەکە.

هەڵبەت ژووری خەوی ماڵی دوبلیسکی بە کرێ گیرا بوو، سیستمێکی باشی ئاڵوگۆڕی هەوای بوو. مۆدێلێکی کۆن کە دایمە دەنگی لێوە دەهات. دیار بوو رۆژ لەگەڵ رۆژ سیستمەکە بەرەو خراپ بوون دەچوو. هەڵبەت ئیوان – یش لەگەڵ بریکاری نووسینگەی کڕین و فرۆشی خانوو بۆ چاککردنەوەی سیستمەکە پێوەندی دەگرت. بۆ ئەم کاره کەسێك بەڵێنی دەدا کە کەسێك دەنێرێ، هەمووکات هەر ئەم وشانە دەگوترا کەسێك دەنێرین چاکی بکاتەوە. چەند رۆژ دوای رۆیشتنی وەستا، سیستمی ئاڵوگۆڕی هەوا بە تەواوی لە کار کەوت. لەم بابەتەوە ئیوان خۆشحاڵ بوو. ئەو دووانە پێکەوە بە شەڕ هاتن. رێنێ نەیدەتواین وەبیری خۆی بێنێتەوە کە بۆچی شەڕیان کرد. بڵێی لەبەر ئەوە قسەیان پێك گوتبێ کە نیازیان بە کێشەو هەرا هەیە؟ لە بەر گەرما؟ لە بەر هێڵنجدانی پەیتا پەیتای دکتۆر مەینارد؟ دکتۆر مەینارد واتە ئیوان، دکتۆری توێژینگایەك بوو لەو سەری شاری لەك. ئەو ئەزموونێکی سەرکەوتووانەی بوو بۆیە خەڵکی پێویستییان پێی بوو. پلەیەکی باڵای لە کیمیا و پلەیەکی باڵای لە بیۆلۆژی وەرگرتبوو. ئەگەر بۆ بێتاقەتی باسی ئاکارێکی ئیوان وەکو گرژ و مۆنی، تۆران و ئەداوئەتواری منداڵانەی نەکەین، پلەی دکتۆری بە بیۆلۆژی ئەویش بۆ لاوێك وەکو مەینارد زۆر سەختە کە چۆن توانیویەتی بە سەرکەوتووانەوە ئەم خولانە تێپەڕ بکا. ئەو وەکو بەرپرسی توێژینەوە پۆلین کردنی دووبارەی شوێنێکی باشتر بۆ کارکردن بدۆزێتەوە. شوێنێکی باش و پلەیەك سەرکەوتن، بۆ ئەو پووڵی زۆری تێدا بوو... بەڵام لە بەر چارەڕەشی، دەمارناسێکی زۆر باشتر لە ئیوان لەوێ جێگیر بوو.

ئەویش پیاوێکی گەنج و هاوتەمەنی ئەو بوو.

رێنێ لە کاتی تێپەڕین لە سنوور، رێگای درەختە عەرعەرەکان، بۆگەنی ئاوی مالّی، سیستمی ئالّوگۆڕی هەوای باش و بەرسوورکەی حەمامی لە بیر خۆی دەبردەوە... چاوی بەشێك لەو بەرسوورکانە تروسکەی دەهات و قاوەیی زیتیش بوون. هێلکەکەنیان نەرم و ورد، بەلاّم لاقیان بە هێز و توانا بوو.

چەند مانگ پێش ئەوەی دکتۆر مەینارد لە شوێنی گەلاّلە پۆلین کراوەکان دا کار بکات رێنێ بە بێ هیچ هۆیەك مۆتەکەی دیتبوو. خەیالّ توانای لێ بڕیبوو. کێشەی دەروونیی هەستکردی رێنێ زۆر نەفرەتاوی تر لە کێشەی لە گەلّ مێردەکەی بوو... بەلاّم رەنگە لە بیری بچێتەوە، وەکو ئەو کەسانەی کە فەرامۆشکارن. ئەو کچێکی بیست سالاّنەیە، لەم تەمەنەدا هەموو کەس فەرامۆشکارە.

ئیوان هەمیشە لە نێو مەبالی پیاوانەدا، لە دەرێ، لە سەر یەخدانەکان، لە سەر جانتای نێو ماشێنەکە، لە سەر کارتۆنی کاسێت و کتێبدا خۆی دەرنی. گلۆپێکی بچووکی سەرخوار کە هی رێنێ بوو رێنوێنی دەکردن. ئەو گلۆپە پایەیەکی قورسی پێوە بوو کە جوولّەی نەدەکرد.

رێنێ لە دەرەوەی ئێرەکانە، لە بەستێنی لماوی دەریای دیترۆیت لە بەر هەتاو دانیشتبوو و چاوی لە نەخشەکە دەکرد. گۆشە نوشتاوەکانی نەخشەکەی هەلّدەداوە. دەتگوت بە بێ هیچ مەبەستێك هەزاران کیلۆمتری لە سەر نەخشەکە دەپێوا. لەسەر نەخشەکە سنووری نێوان دوو ولاّت بە خەتی خواروخێچ، روون  و ئاشکرا دیاری کراوە بۆ ئەوەی نیشان بدرێ، ئەوان نەك لە ڕوانگەی فیزیکی بەلّکوو لە ڕوانگەی میتافیزیکییەوە راستەقینەن. بۆیە هەروا کە ئوستوورەی خۆی بە فیزیۆلۆژی دەسپێرێ، سروشت – یش تەسلیمی سیاسەت دەبێ. رەنگە  پێویست بێ. باشترە کە وابێ. عەشق چۆن دەتوانێ لە گەلّ مۆتەکەی شەوانە بەرامبەرکێ بکا؟ دەبوایە عەشقیش

تەسلیم کراو بێ! چەند مانگ لەمەو پێش ڕێنێ لە مۆتەکەیەکی سامناك ڕاچەنی. خەونی دیتبوو کە قالۆنچەیەکی زێوینی زۆر و بەرسوورکەی حەمام و مارمێلکەی ئازاردەر هێرشیان بۆ هێناوە. ئیوان بە بێ ئەوەی کردەوەیەك لە خۆی نیشان بدا بۆ لای مێزی شام ڕایکرد و لە ناکاو خۆی لە حەمامی پشت ماڵەوە پەستاوت. ئەو هەر دووك شێرە ئاوەکەی کردبووەوە و دەنگیان لە گوێی ڕێنی دا دەزرنگایەوە. ململانێ لە گەڵ عەشق کارێکی سانا نییە – ڕێنێ بیری کردەوە بۆچی ئیوان خوێن نەڕشاوە؟

ئازادییەکانی شارستانی ناو شوێنێك بوو لە جەکسۆن ویل. ئیوان تەلەیفۆنی بۆ ئەوێ کرد. ڕێنێ هیچ کات گوێی ڕانەگرت. نا، لە ڕووی تێڕامانەوە نا... سازشێکی وەحشیانە... ئەو تێدەکۆشێ تاوانبارم بکا بەوەی لە یاسام لاداوە... ساڵێك بەندیخانە... چوار پنج کەس لە ئێمە دەمانویست ڕزگار بین... حەوتوویەکی تاڵمان تێپەڕ کرد بۆ ئەوەی بگەینە دامودەزگای حکومەتی. ئیوان نەیویست پێنج کیلۆمتر زیاتر لێ بخوڕێ. ئەو لە ماڵێ چاوەڕوان ماوە و سیستمی ئاڵوگۆڕی هەوای چاك کردەوە.

ئیوان زۆر جاران بێدەنگ بوو. جارجارێکیش بەپەلەپەل قسە و چاکوخۆشی دەکرد. ئەو خەریکی کێشانەوەی نەخشەیەك بوو بۆ ژیانێکی نوێ لە دنیایەکی نوێدا، بەڵام پێش ئەوەی مافی وەها هیوادارییەکی بێ ڕێنێ – ی دڵنیا کرد بوو کە دەبێ هەموو کارێك بکا... تەنانەت ئەگەر بە دەست کارکردنیش بێ... ژیانێکی نوێ... وڵاتێکی نوێ.

باڵوێزخانە چەند لەمپەڕ ئەولاتر بوو. ئێستا ئیوان، مێردی لاو، خەریك بوو لە مەبالی وێستگەی سانۆکۆ دەگەڕاوە. پێنج دەقە دەبوو کە ڕۆیشتبوو. تێکنەچووبوو. کەمێك ڕەنگ پەڕیو دەهاتە بەرچاو، بەڵام خۆشحاڵ بوو.

ڕێنێ، ژنی لاو بۆ ئیوان پێکەنی. بەڵام لێی ڕوون نەبوو کە پێکەنینەکەی بیندرا بێ. هەرچۆنێك بێ:

خۆشم دەوێی. ئەمەش کانادا.*

# منداڵی گرینۆك

ناتوانم بە دروستی بڵێم کە کەی ئەم دەنگە بۆ یەکەم جار لەماڵی ئێمەدا بیسترا، چونکە کەس تۆماری نەکرد، مەگەر بنەماڵەی خۆم ئەویش بە دزییەوە و بێ ئەوەی من رازی بم. هەروەها رەنگە لە بەر خۆیان بە هۆی پزیشکییەوە ئەم کارەیان کردبێ. بەڵام وابزانم پاییزی رابردوو بوو، سەرەتا یان کۆتایی ئۆکتۆبر، کاتێ کە ماتۆرخانە بۆ گەرم داهێنانی ماڵێ وەکار دەکەوت، هەر ئەم گرمەگرمە ئاشنایەی ماتۆرخانەکەمان بوو کە نەیهێشت دەنگی گریانی منداڵەکە ببیسترێ یان با بڵێین مرۆڤ ئەو دوو دەنگەی لێك جیا نەدەکردەوە. کاتێ من لە ترسانا دەستم لە کاری چێشتخانە هەڵدەگرت و رادەوەستام، یان بەپەلە گسکی کارەباییەکەم دەکوژاندەوە، تەقڵەکوت هەڵدەهاتم تاکو تووشی مێردەکەم یان یەکێك لە منداڵەکان بم (ئەگەر چی هەنووکە هەر پێنجیان گەورەن و ئیتر لای دایك و باوکیان ناژین – کیژۆڵەکانم کە لە هەمووان بچوکترن، زوو زوو دێن و سەرمان لێ دەدەن، زۆر زوو تێگەیشتوون کە دنیا شوێنی تەنیاییە و لەوە ناچێ نییەتی باشی ئێمە کارێکیان بۆ بکا) و بپرسم کە ئەوانیش ئەو دەنگەیان بیستووە، یان نا، بڵێی گوێیان لەو دەنگە سەیر و دڵتەزێنە بووبێ، سروشتی بوو کە بە نۆرەی خۆیان دەیانتوانی رازیم بکەن و بڵێن تەنیا دەنگی ماتۆڕخانەکە دێتە گوێ. دەنگی ئاخی قووڵ و نووزە و گوڕە و دم لە دم لە نانی ژێر زەمینییەکەی و ئەگەر من لە کاتی هەست بە مەترسی یان گومان، داکۆکیم دەکرد دەپاڕامەوە کە گوێم بۆ راگرن – گوێتان لێ نییە؟ وەکوو دەنگی گریانی منداڵە – بە نۆرە دڵنیایان دەکردم کە هیچ دەنگێ نایە تا من لێی بترسم. رۆژەکان تێپەڕ دەبوون و حەوتووەکان بەسەر دادەهاتن.

دەنگی گریانی منداڵەکە شەو و رۆژ لە کاتی سەیر نامۆدا دەگەڕاوە بە بێ ئەوەی پێشبینی بکرێ. جاری وابوو بە باشی نەدەبیسرا و هەست پێ نەدەکرا، جاری وابوو هیچ گومانێکی بۆ مرۆڤ نەدەهێشتەوە، جاری وابوو خەماوی، جاری وابوو تووڕە. ئەوان بێ تاقەت دەبوون و سەرکۆنەیان دەکردم تاکوو ئەم دەنگە کە وەکوو وێکهاتنی هەوا وابوو رەت بکەمەوە، یان بزەیان دەهاتێ و وەها هەستێکیان بە ڕاست نەدەزانی – ئەوەی کە دەنگێك بوو یان تەنانەت دەیتوانی روون و ئاشکرابێ و لە دیوار و عەرزی داپۆشراوەوە بێتە دەرێ – یان بە رەهەند و لوولەکانی ئاودا تێپەڕ بێ و وەها قووڵ لە دەورووبەری خۆیدا جێگیر بێ وەکوو پەلکەی قژ کە پێچەوانە بادرابێ، یان وەکوو لەرینەوەی شوشەیەکی ناڕێك لە چوارچێوەی پەنجەرەیەکی ڕێکوپێکدا، ئەوان یەك یەك و دواتر هەموو پێکەوە لە بەر ئەوەی دەنگێك دەبیستم سەرکۆنەیان دەکردم و کاتێ کوڕەکانم یەکشەممە شەو دەهاتن تا شامی دڵخوازیان بخۆن، باسی ئەم گریانەیان دەهێنایە گوڕێ، دەتگوت دەیانویست ناچارم بکەن بە شەرمەوە تەسلیم بم: دایە، وادیارە تووشی خەیاڵ بووی!

بەمجۆرە دەڵێم کە دەنگەکە لە ئۆکتۆبری ساڵی رابردووەوە دەستی پێ کردووە. واتە لە یازدە مانگ بەر لە ئێستاوە، دروست کاتێ کە تازە ماتۆڕخانەمان وەکار خستبوو. هەڵبەت هۆی رەمزاوی بوونی ئەم دەنگە (ماشێنی یان ئینسانی) نیشان دەدا. دوای کوژاندنەوەی ماتۆرخانەکەمان دیسان ئەو دەنگە ئازاردەرانەی ماتۆڕخانەوە دەبیسترێ؟ بۆچی لەو بێدەنگییە کپەدا کاتێ کە تێرموستاتی ماتۆڕەکە دەکوژێنێتەوە و کپ بوونی دەنگ هێرش بۆ گوێیان دێنێ، دەنگەکە سەربەخۆتر لە هەموو دەنگەکانی تر درێژەی دەبێ – مەبەستم دەنگی گریانی منداڵەکەیە.

بەڵێ لە پێش دا گومانم لە خۆم بوو کە توانای جیاکردنەوەم نییە. وەها

لە شێت بوون دەترسام کە هەوڵم دەدا کەسانی تر واتە باوك و کوڕ و کچەکانم لایەنگریم بکەن یان ئەو شتەی کە من دەمبیست ئەوانیش بیبیستن و قسەی من وەڕاست بگەڕێ. چونکە ئێمە بە هۆی غەریزەوە متمانە بە نزیکترین کەسی خۆمان دەکەین یان بە شتێك کە هەستمان لە کاتی چاو قوچاندن ئێمەی بەرەو ئەولا رادەکێشا. بەڵام بە شەرمەوە باسی ئەوانە دەکەم کە لە بنەماڵەی ئێمە نەبوون و دواتر زۆر شتیان لە بارەی منەوە لە زاری خەڵك گوشی. وەکوو ئەو مرۆڤە نەخۆشانەی کە نەخۆشی لە بەر دەرکەی هەر ماڵێك دەهێننەوە، ئەو دۆستانەی کە بۆ دیدار و گاڵتەکردن دەهاتنە ماڵی ئێمە، ئەو دراوسێیانەی کە بۆ خۆم ویستوومە بێن، ئەو ژنەی کە بە کوچە و کۆڵاندا دەگەڕا و کەرەسەی جوانکاری دەفرۆشت و لەزەنگی ماڵێی دا، پیاوێکی خڕیلانە کە لە مەیموون دەچوو. کارمەندی شەریکەی گاز بوو رۆژێك کە بەفر دەباری هات و وەجاغی گازەکەم چاك بکاتەوە. کەسانی تریش بوون نامەوێ بیری لێ بکەمەوە کە چەند کەسی تر هاتبوون. خۆبەزل زانیی خۆم وەلانا، دەتگوت یەکەمجارە دەنگی گریانی منداڵەکە دەبیستم. دەمپرسی: گوێتان لێیە؟ یان سەرم بۆ لایەك وەردەسووڕاند و وام دادەنا کە تیشك چۆن بە سەرکۆنەی توند و تیژانەی دایکانەوە لەشووشەی چاویلکەکەم دا دەبریسکێتەوە، ئەمە ئیتر چییە؟ وەکوو دەنگی گریانی منداڵەکە وایە.

تەنیا کارێکی کە زۆر جاران دەیانکرد تۆران بوو. هیچیان نەدەبیست، بەحەیا، مەنگ، تەنانەت بەداخ بوون. ئەگەرچی یەك دوو جاریش پێیان خۆش بوو هاوڕێی هەستی دایکانەی من بن. وادیار بوو، بەڵێ دەیانبیست... گوێیان لە شتیکیش دەبوو. بەڵام ئایا ئەوەی من دەمبیست ئەوانیش گوێیان لێ دەبوو، ئایا قژی پشت ملیان وەکوو قژی پشت ملی من دەجولا؟ باوەڕم نەدەکرد.

دواتر ئەو ڕۆژە، زستانێ، پیاوێك کە بۆ چاککردنەوەی وەجاغی گازی

هـاتبوو وەکوو من سەری بەرەو لایەك وەرسووڕاند، دم وچاوی لە گوشاری سەرنجدا وێك هـات، تـەنـانـەت نـەدەکرا ئـەو نـووزە جـەرگبڕ و سامـنـاکـە نەبیسترێ کە دەتگوت لە عەرزی ژێر پێمانەوە دێتە دەرێ. گوتی:

بەڵێ، خاتوو، پێم وایە دەنگێك دێ. لە هەموو شوێنێك بە دوامەوەیە. وەکوو، وەکوو ئەوەی چەشنە دەنگێکە. بە داهێزراوییەوە جانتای کەرەسەکانی راوەشاند، بەلاّم نازانم چییە، خاتوو، هیچکات نەمبیستووە نێویکی بۆ بدۆزمەوە.

ئەو وەلاّمە کتوپڕە وەها زەبرێکی لێدام، وەها ماتی کردم دەڵێی لە سەر جێی خۆم ویشك بووم، چاوم لە پیاوە خڕپلاّنەکە بڕی – حەوت هەشت سانتێك لە من کورتە بالاّتر بوو پازدە کیلۆیەکیش لاوازتر – و هیچ وەلاّمێکی باشم بە زەین نەگەیشت، تەنانەت کاتێ دەنگی گریانی منداڵەکە وەکوو ئاوێك وابوو کە لە نێو لوولەدا ون دەبێ، جۆرێك بێدەنگی تووڕەی چێشتخانە، دەرپەڕی تا بەردەرکە. لە کۆتاییدا توانیم فەرامۆشکار و شێواو بە منگە مینگەوە بڵێم: بەلاّم ئەو دەنگەی کە من دەیبیستم لێرەکانەیە، لە نێو ماڵی مندا. دەنگێکە کە هەر لێرەدا دەبیسترێ و بە دوای ئەو پیاوەدا رۆیشتم کە هاتبوو وەجاغەکە چاك بکاتەوە. دەتگوت دەمەوێ لێی بپارێمەوە تاکوو بە پلیکانەکانی هەیواندا رۆیشتم. جارێ وایە بیر دەکەمەوە وەکوو .. وەکوو دەنگی گریانی منداڵەکە وایە. بەلاّم ئەو پیاوە خڕپلانەیە لە سەر جێی خۆی ویشك ببوو، بە جانتای بن هەنگڵییەوە کە هی کەرەسەکانی بوو، هەر وەها کلاّوێکی پەڕۆی لە سەر کردبوو، تەنیا سەری لەقاند وەکوو ئەوەی وشەگەلێك بۆ دۆعایەکی کورت زەمزەمە بکا تا ئاهۆن بێتەوە، گوتی: من قەت نەمویستووە نێویکی بۆ بدۆزمەوە.

نابێ هەر لە خۆمەوە ئەم دەنگە رەمزواییە رەت بکەمەوە کە تەواوی بوونمی دەشڵەقاند و جاری وابوو وەها دەیخستمە ژێر گوشارەوە دەتگوت ترسێکی حەیوان ئاسا ئاوێتەم دەبێ. چونکە ئەمن کە دایکی ئەم

بنەماڵەیەم هەرچەند چەندین ساڵ لە دەورانی زگ پڕیم تێپەڕ دەبێ، خۆم بە بەرپرسی تەواوی ژیانی ئێرەکانە یان تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی دەزانم و غەریزە وام لێ دەکا تا یارمەتی هەموو کۆرپەیەکی بێ دایك یان فڕێدراو یان ئازار چێشتوو بدەم کە لە پەنام دەبێ وتەنانەت مەمکی پێ دەدەم. بەم حاڵە چۆن راکردنی مۆتەکە ئاسای ئەم گریانەم بە خۆم سەلماندبوایە ئەو کاتەی منداڵێك لە پەنام دەبوو؟

دەتگوت ئەم دەنگە زۆر جاران لە نێو دیوارەکانەوە دەهات، بەڵام کە بۆ لای دیوارەکە دەچووم و گوێم بە دیواری گەچییەوە دەنا دەتگووت ئەو دەنگە زۆربەی کاتەکان دەیەوێ سەر بخاتە سەرم، دەکشاوە یان خۆی دەکردە خڕەخڕی لوولەکان. دەنگی لە ناکاوی تەلەفۆن دەیتوانی دەنگی گریانەکە قووت بدا و لە ناوی ببا و لە رۆژێکی بیدەنگ و ئارامدا کوتەی دڵ و ترپەی رەگیش تێکەڵاوی دەبوو. نەعرەتەی نسێ ئاسای گوێی ناوەکی یان کاپانی پڕپێچوپەنای مۆخ، کە پشکنینیان کارێکی مەترسی هێنەرە. جاری وابوو دەتگوت دەنگەکە لە چێشتخانەوە دێ، جاری وابوو لە دیوێکی تردا، نهۆمی سەرێ یان خوارێ، یان لە سەرداودا یان لە ژووری ژێر شیروانی یان لە گاراجی بەرامبەری ماڵێ، جاری وابوو کاتێ کە تەلەڤیزیۆنم هەڵدەکرد دەستی پێ دەکرد و هەرکە تەلەڤیزیۆنەکەم دەکوژاندەوە ئەویش تەواو دەبوو، لە گەڵ شێرەی ئاو، گسکی کارەبایی، ماشێنی جل شۆری هەروا ئاوا دەبوو. بۆ ماوەی رۆژێك یان هەر ئەوەندەی مێردەکەم رازی بکەم کە دەنگی با – یە لە قۆڵە کوورەدا و رۆژێکی تر ئەوەیە کە دەنگی بایە لە ئانتەنی تەلەڤیزیۆن و دواتر دەنگی با – لە تەلی تەلەفۆنی دەرەوەی ماڵەوە دێ، هەرچەند شڵەژاو و پەشۆکاوی دەنگەکە بووم بەڵام گەڕانەکانی دواتر نیشانی دا کە ئەمانە شیکردنەوە گەلێکی پێویستن و ئەگەر پێویستن فریودەریشن، ئەگەر وایە راست نین و لە راستیدا هەرچی دەرۆیشتینە پێشتر من بە ئارامی تەسلیمی بۆچوونەکانی

بنەماڵە و خزمەکانم دەبووم. هەڵبەت دەکرا کە دەنگەکە پێوەندی بدرێ بە گریانی منداڵی دراوسێ، یان دەنگی تەلەڤیزیۆن یان رادیۆی جیران. هۆی بەرز بوونی دەنگەکە بۆ ئەوە نەبوو کە هەموو کەس بیبیستێ یان دەتوانرا بە حەیوانێکی نەخۆش، بریندار، زەبر لێدراو، دیلی نێو قەفەس، شێتی لە گەرەك یان بە باڵندەکان، یان بە دەنگی ئاژیر، یان فیشکەی قەتار یان ماشێنی باری یان فڕۆکە یان بەو بۆمبانەی کە تەنیا دەنگیان هەیە یان تەنانەت بە گرفتی بیستنی خۆم پێوەند بدرێ. سەرچاوەی ئەم دەنگانە دەیانتوانی دەنگی گریانی منداڵەکە بسەلمێنن و قەت سانسۆڕی نەکەن، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەی ورد و هەرچەند کە هەمووان دڕدۆنگ بوون وا نەبوو: چونکە یەکە یەکەی ئەم کەرەسانە تاقی کرانەوە.

بۆ وێنە بیستنم، روون و ئاشکرایە کە باوکم دەست بەجێ منی بردەوە لای پسپۆڕی گوێ کە لە خوار شارەوە بوو و پزیشکیش بە دەزگا کارەباییەکان کە بە بەشێکیان دیدیان دەکرد و بەشێکیان دەنگی لێدرانی باڵیان لێ دەهات مەعایەنەی کردم و چراقەوەیەکی بچووکی لە مۆخم رۆ کرد و بۆ هەرچی باشتر بوون و بێگومان بۆ بەتامترکردنی ناشارەزاییەکەی دەرزییەکی پڕ لە ئاوی گەرمی کردە هەردووك گوێچکەم تاکو چڵك یان بە خەیاڵی خۆی چڵك دەربێنێ. بەڵام راستییەکەی ئەمە بوو کە بیستنی من سروشتنی بوو ئەویش بۆ ژنێکی بە تەمەنی وەك من (کە پەنجاو دوو ساڵم تەمەنە) و لە باری رۆحیشەوە باش نیم. دوای تێپەڕینی چەندین هەفتە کاتێ لە سەر بیستنی دەنگێك کە دەکرا ببیسترێ و بە هاسانی چاو پۆشی لێ نەدەکرا، داکۆکیم کرد باوکم منی بردە دەرمانخانەیەك کە دیسان لەوێ دوورتر بوو و بەو دەزگا گەورانە کە وزەوزیان دەهات وێنەیان لە مۆخم هەڵگرت بەڵام نەیانتوانی نیشانەیەك لە زەبری کەمهێزی سلوولی مەغزی یان غودە یان بەڵگەیەك لە سەکتەیەکی هەرچەند کەم هێز بدۆزرێتەوە. لە ترسی ئەوەی کە من وەکوو

کەسێکی ئیسگۆفیرنی بناسێنن ( چونکە ئەم نەخۆشییە تەنانەت بۆتە تەسبیحاتی مرۆڤە پسپۆڕەکانیش) و بە پێی ئەم راستییە کە بە راستی دەسەلمێندرا داکۆکیم دەکرد کە ئەم دەنگە رەمزاوییە تەنیا لە ماڵی ئێمە و کاتی سەیر و سەمەرە و پێشبینی نەکراو دەبیستریێ. هەرگیز ئەم دەنگە لە نێو سەرمدا نەبوو: هەڵبەت جیاوازییەکەی دەزانم.

بە تێپەڕینی زەمان وردە وردە فێر بووم کە بە تێبینی و ورياييەوە کایە بکەم و بنەماڵەم دڵنیا بکەم کە ئیتر دەنگی گریانی منداڵەکە نابیستم یان ئەگەریش ئاشکرا بوو کە دەیبیستم دەمگەڕاندەوە سەر شتێکی تر و بە ئامادەییەکی تەواوەوە سەرنجم بە شتێکی تر دەدا، بۆ وێنە سەرنجم دەدا بە کەرەسەکانی چێشت سازکردن یان کارەکانی ماڵێ لە گەڵ بێنەهایەتی ئەو شتانەی وەکوو کاکەشانی لوولە و سیم کەشی ماڵی کە کارەبا لەگەڵ خۆی هەڵدەگریێ یان لە درزێکەوە شتێك تێپەڕ دەکەن کە هەر پێی دەڵێن کارەبا، چونکە بەم شێوەیە نەبێ چۆن پێکەوە ژیان بەرینە سەر؟ جاری وابوو کیژۆڵەکانم بە نیگەرانییەوە دەتۆران، دەیانپرسی دڵنیای یان هەر دەتەوێ شتێك بڵێی کە پێتوایە ئێمە و باوکم پێمان خۆشە بیبیستین؟ هەڵبەت ئەگەر بە راستی پێیان خۆش بوایە، چونکە گشت ویستە مرۆڤییەکان شاراوەن و من بە پێکەنینی تەوساوی و کورتەوە وەڵامم دەداوە کە بەڵێ دڵنیام، بەراستی دڵنیام – باشە بۆ درۆ بکەین؟ –تەنانەت لە هەمان کاتدا دەمویست بڕوانمە ئەم ژنە گەنجانە کە بەستەزمانی وئازار بە سیمایانەوە دیار بوو، ئەو ناڵە بە جێما و لاوازە وەها ئازاردەر بوو کە هەر باسی ناکریێ، خەریك بوو دیواری پشت سەرم کون بکا، یان میچی بان سەرم یان عەرزی داپۆشراو بە تەختە کە پێی سەرپایی پۆشم بە خۆراگرییەکی رواڵەتییەوە لە سەری راوەستا بوو. چونکە بۆچوونەکەم گۆڕابوو، دوو لە گەڵ دوو نەدەبووە چوار. گیانلەبەرێك لە گۆشتی خۆم، لە خوێنی خۆم، دەمزانی بۆ هەمیشە لە گەڵ من نامۆیە.

دواتریش دوا بە دوای یەك هەفتەكان ریز دەبوون لە بەرامبەر ئەو شتەی كە روون و ئاشكرا چارەنووسم بوو راوەستا بوون. بەڵام بە پێی بنچینەی فیزیكی كاتێ گریانی منداڵەكە دەهات هەموو دەنگەكانی تری ماڵێ وەلادەنران ئەمەش لە ئیختیاری هێزی تێگەیشتنی من دا نەبوو، نووزە و پرتەو بۆڵە دەڵێی لە ئاسمانەوە دەهات. بە پەلە لەتێ مێوی نەرم و گەرمم لە گوێم ئاخنی و لە راستیدا بەم چەكوچۆڵە یان قەڵغانەوە نەمدەتوانی دەنگی گریانی منداڵەكە ببیستم و گەڕامەوە و خەریكی كارەكانم دەبووم و قاوەی دوانیوەڕۆم قوم قوم دەخواردەوە، ئەویش لە گەرمەی پرتە و بۆڵەی ئەو بێدەنگییەی كە لە ئیختیارم دانەبوو... كاتێ بێتاقەت بووم و ترپەی بێ ئیختیاری ماسولكەی قوونم تا ئەوپەڕی چێژ لە گەڕ دابوو. لەتە مێوەكەم لە گوێ دەرێنا و لەگەڵ ئەو شتەی كە رووبەڕووی دەبوومەوە: منداڵێك كە هێشتاش دەگریا یان تەنانەت قورستر لەو، خنكانی ئەو دەنگەی كە لە رووی خۆبەزلزانییەوە هەولم بۆ دابوو، دەبێ بە سووكی دابنێم.

ئەمەش كە بۆچی كەسانێك بۆ شاهیدی هەڵدەبژێرین و كەسانی تر لە دڵمەندییەكی كەڕ دا رۆژ تێپەڕ دەكەن لە هێزی تێگەیینی من بەدەرە، بەڵام ئەگەر من دەزانم كە هەڵبژێردراوم ئیتر دەبێ ئەم هەڵبژاردنە قبووڵ بكەم و هەوڵ بدەم تا ئەم ئەركە بە باشی بەجێ بێنم.

سەرنجدان بە واریاسیۆنەكانی دەنگی گریانی منداڵ، خاوێن كردنەوەی ئەو شتومەكانەی كە بەم زووانە وام خاوێن كردبوونەوە كە تروسكەیان دەهات، ماڵینی فەرشەكان كە بەهۆی ماڵینی زۆرەوە تەنك بوون و رووتاونەتەوە، شوتنی مەبال و حەمام، خاوێن كردنەوەی قوژبنێكی میچ لە تۆڕی جاڵجاڵۆكە بە سووڕاندنی شازانەی گسك، شوتنی دیوارەكان، پنجەرەو ئاوێنەكان كە تێیاندا سیمایەكی سواراو دەبیندرا، ئیتر لاو نییە بەڵام بە هێزی لاوییەتی تاقەت ناهێنێ، شەویلكەی بزۆز و قایم، تەوێڵی زەوق و قورس، ئیسكانی پانی كەپۆ، تیشكی ساردی چاوان كە كەمی بە

خۆیەوە نەدەبینی و تەواوی ئەم ماوەیە سەرنجدان بە واریاسۆنەکانی دەنگ: بۆ وێنە نووزەگەلێکی نزم و بەرز وەکوو دەنگی تەل کە ڕەنگە گوێی کەم ئەزموون لە گەڵ دەنگی با – یان بای وەعدە لێی تێك بچێ هاوارە بڵندەکانی تر یان ورتەورتەکان و هاشەی دەنگ وەکوو هەوڵدان بۆ قوتدانی هەوا و دەنگی بە سۆزی مەترسی هێنەری بێوێنە – ئەم دەنگانە لە تووڕە دەچوون، ئازار دەدران، ترس، شادی – بەهێزێك کە دەتوانێ خەنجەر لە قووڵایی منداڵەکانی هەموو دایکێك یان رەنگە ژنێك بدا – ئاخ ! دلڕەق مەبە! تەنانەت بیستنەکەی! – دەڵێی نێوکی هەموومان، هەمووی ئێمە کە هێشتا نەبڕدراوە تێکەڵاوی یەکتری دەکا.

دەنگی گریان وەکوو ئەو رۆژانەی لە ماڵی تەنیام و ئاسمان هەورییە. وەکوو گریان، وەکوو بن میچێکی نزم باشتر لە هەموو کات دێتە گوێ. ئەو کاتانەی کە ئەندامانی بنەماڵە لە ماڵ نین و بڕیاریش نییە وا زوو بێنەوە، کاتێ چەند سەعاتە زەنگی تەلەفۆن یان دەرکە لێ نەدراوە چێژم لەگەڵ ترس ئاڵوگۆڕ دەبێ. هەرچەند توانای من بۆ بیستنی ئەو دەنگە هیچ پێوەندییەکی بەو دەنگە نییە کە دەتوانم تاریفی بکەم... وەکوو رەحمەتی خودا کە بۆ مردووان دەنێرێ، وەڵامی هیچ بانگهێشتی مرۆڤایەتی ناداتەوە. کاتێ گریانی منداڵەکە دەست پێ دەکا نەسازاو، مەترسی هێنەر وەکوو جوانییەکی زۆر ویشك و خواپەرستانە کە نێوێکی بۆ نادۆزرێتەوە. گۆنام بە قیژاندنێك هەڵدەماسێ و تەمومژێکی سوێر و تیژ چاوم وەخۆ دەگرێ. بۆچی داگیرت کردووم؟ ئایا تۆ کۆرپەی ماڵی منی، کۆرپەی ئەم ژیرخانە؟ من دایکی تۆم؟ ئەمە منداڵدانی تۆیە کە هەنووکە وکوو فوودانەیەك شل و بێ هۆ بە تاڵ بووە و لە زگی ماسیوی ژنێك چپاندراوە کە بەرەو پیری دەچێ؟

بۆچی؟

لە کەیەوە؟

بـەڵام گـریـانـی مـنـداڵـەکـە هـەروا درێژەی دەبـێ، لـە دەوری سەرم دەخولێتەوە کە لەسەیر و سەمەرەییدا نووقمە. ئەگەر بۆ پاڕانەوە دەستم هەڵێنم، دەنگەکە بەرزتر دەبێ یان ئەوەی زوو زوو نزم دەبێتەوە، وەکوو کاتێ کە دەستتان لە سەر رادیۆیەکی دەنگ نزم دەجووڵێننەوە و دەنگی نـزم و بـەرز دەبـێ. چـونکـە وەڵامـێك نـییـە و نـاتـوانـێ ببـێ. هـیـچ چـەشنـە پەیامێك لە وێوە بەرەو ئێرە نایەت.

با وابێ! لە ماوەی کارکردن لە ماڵێ بە پەلە و بە یەقینەوە بە چەشنێ کەسی و چەند ساڵە زۆر لێزانانە لەگەڵی خەریکم، وەکوو نیگەرانی لە ترس، لە تەسلیم، لە دڵەڕاوکێ لە بەرامبەر سامناکیدا، بە چێژێك دەگەم کە سەرەگێژەی لەگەڵە و لەگەڵ موسوڵدانمە، بەڵام لەوێدا نییە، کرۆژتنی لێو لە بێدەنگیدا و چاوان لە سەر لقەکان کە ئیشتیای لێیە لە سەرەگێژەی پشکوتووی دایکێکی گەنج دەرپەڕێ، شۆخ و شەنگی ئەو سینگانەی کە پڕن لەشیر و لە کۆتاییدا دەوێرم کە بخوێنم، پڕ بە سینگ و گەرووم، ئاوازێکی بـەرز بـچـڕم، لایـەلایـەی مـێژوویـی کـە سـەردەمـایـەك بـۆ منداڵانـی خـۆمـم دەخوێند، چەندین ساڵ لە مەو پێش:

هەی لایە لایە لایە، دەتۆ بنوو کۆرپەکەم
لایە لایە دەبنوو دڵەکەم!
دیسانەکە دووپات دەکراوە:
هەی لایە لایە لایە دەبنوو کۆرپەم
لایە لایە لایە دەبنوو دڵەکەم!

تا ئەو کاتەی کە ئیتر دەنگی گریان تەواوبێ.

بـاوکـم و ئـەوانـی تر – کـچـەکـانم، کوڕەکـانم کـە بـوونـەتـە پـیـاو، بـەڵـێ هەروەها باقی خزمان و – ئەم رۆژانە، رەنگە ئەم مانگانە نیگەران،

ترساو، لە گەڵ یەکتر ورتەورت دەکەن و لە بارەی من – دایکیان – بە سرتە قسەی ناخۆش دەکەن وەك دەنگ دەبیستن، ئاڵوگۆڕیی ژیان، حاڵی گۆڕدراوە، پرسیارە بێهۆکان وەکوو لە بەر چی؟ من لۆمەیان دەکەم تاکو لە بەرامبەریاندا خۆڕا بگرم، وادیارە گریانی منداڵەکە بۆ گوێچەکەی ئەوان نییە، ئەرکی سەر شانییان نییە شاهیدی خەمی شاراوەی جیهان بن و هەر بەو شێوەیەی کە گوتم ماوەیەکی زۆرە کە لە رووی خەم وریاییەوە و لە هەمانکاتدا خۆ بەزل زان بوون لە لای ئەوان. ئەم دەنگەم رەت کردەوە، خۆم بێ تاوان نیشان دا، ویستێکی ناتێگەیشتووانە، زۆر جاریش دردۆنگ بوونی ئاشکرا، بە پرسیار گەلێك منیش هێرشم بۆ کردن: هەنووکە ئەم دەنگە دەبیستن؟ لە منەوە بە ئێوە گەیشتوون؟

بەڵام سیخوڕیم دەکەن. جاسووسانی بێ شەرم، هەرچەند کە گۆشت و خوێنیان لە من بوو، بە دزییەوە دێنەوە ماڵێ تاکو لە کاتی ماڵین و گۆرانی گوتندا یەخەم بگرن، لە کاتی لایە لایەکردنمدا بە دزییەوە، لە هەلێکی رەخساوی نێو چێشتخانەکە دا یان یەکێك لە سەر پلیکانەکانی سەرداو کە هەموو کات تاریکە و بە شێوەیەکی سەرنج راکێش لە نێوان دوایین و یەکەمین پلیکانە چێوەییە کۆنەکان ئاوێزان دەبێ. دایە خەریکی چی! دایە چی بووە؟ ئەم دەنگە ترساو و رەنگ پەڕیوە ناچارم دەکا وەڵام بدەمەوە ئەویش لە رووی ئەرکی دایکانەوە نەك لە رووی ئەشق.

شتێك بووە؟

– چ شتێك بووە؟ بۆچی وا دەڵێی؟

– دایە چونکە دەهاتییە بەر چاو

– دەهاتمە بەر چاو

سەیر دەهاتییە بەر چاو

– سەیر؟ بۆچیٚ؟ چۆن؟ لە بەر چاوی کیٚ؟ لە بەر چاوی تۆ؟

هەرکەس بوێری لێم نزیك بێتەوە، یەکێك لە کچەکانم، یەکێك لە کورە چاو نیگەرانەکانم، خودی باوکم بە قەڵافەتی تێك چوویەوە، یەکێك لە خزمانم کە ژنە و رووخساری لە من دەچێ، هەر هەموویان لە خۆم دوور دەخەمەوە: لە بەرامبەر هێرشیاندا دژ کردەوە لە خۆم نیشان دەدەم. بە پێکەنینێکی تەوساوییەوە دەڵێم: ئەگەر وایە من دەبێ لە بەرچاوی تۆ ئاسایی بم؟

ئەو تەنزە کۆنەیەی کە بە سەرم هاتبوو هاتووەتەوە گۆڕێ، تەنزی تەلی قاپ شۆریم کە بۆ خاوێن کردنەوەی قابڵەمەکان باشە، نە دەگریم و نە دڵنـاسکم. قـورس و قـایـم رادەوەستـم، لـە ژێر مـیـچـم، پـارێزەری ژیـانـی نـیـهـانـیـی بـن مـیـچـم، ئـەم شتـانـەی کـە بـەم زووانـە پـێم سـپـێردراون، ئـەو شتانەی بۆ قژی خۆڵەمێشی من دەبن چڵ چڵ ئەو مووانەی لە چەنەم دێنە دەرێ، چـوار ئـێسکـێکـی کـە هـەمـوو رۆژێ رێك رامـدەگـرێ، دەرپـەڕێنـێ گۆشتاوی سینگم، زگم، رانم، سەرم، چاوانی پڕ تروسکە و ئازادی من.

دیسان دەڵێن دایە، داکۆکی دەکەن کە ئێمە بۆ تۆمانە، من لە وەڵامدا دەڵێم: کێ دەتوانێ هەڵسەنگێنێ. لە سەر بۆچوونەکانم پێداگری دەکەم. سوێند دەخۆم کە ئەگەر بە تەور ئەنجن ئەنجنم بکەن و بمهاڕن حازر نیم رازی نێو دڵم بۆ دوژمنان یان بنەماڵەکەشم ئاشکرا بکەم.

هەڵبەت راستە هێندە سەرقاڵ بووم کە لە بیرم چۆوە بڵێم کە سی ساڵ لەمەوپێش لەم ماڵەدا (ئەم خانووە کۆنەی دێ کە بەرزە و تەختە لە دیوارەکانی دراوە، سەربانەکەی سەراولێژە، بە خشت ساز کراوەتەوە و بۆ تاقەت هێنان لە ژێر باری مێردەکەم و بەرەی من باش بووە) یەکەم زگ پڕ بوونم لە بار چوو – وشەیەك کە بۆ نێونانی ئەو خافڵانەی خوێنەیە. نەمدەتوانی بە دڵنیاییەوە یەکەم زگپڕ بوونم پێش بینی بکەم. یەکەم لە چەندەمین زگ پڕ بوون، بەم هۆیە بە گومانم رۆندکێك ڕژا، ئازار دراوی

نـەختـێك تـوورە بـوون، ئـەو كـات ئـەو وەكـوو ژنـێكـی لاو هـەستـیـار بـوو، هەنووكەش وایە. بەڵام تەنیا شەش حەوتوو تێپەڕ بوو كە لە بار چوو لە راستیش دا ژیانێك لە كار نەبوو. نێوێكیشی نەبوو. هەرچەند تا ماوەیەك پرسەی بۆ دانرا. هۆیەكەی زیاتر لە بەر جەستە بوو نەك لە دەست چوونی بوونەوەرێكی زیندوو، بوونەوەرێكی خاوەن كەسایەتی كە شوێن و جێگەی خۆی هەیە. بەڵام من ژنێكی دڵڕەق نیم، لە هۆزی دڵڕەقانیشەوە نەهاتووم و لە باقی سەردەمی درێژخایەن و پڕ نەڕە و گوڕەی دایكانەی خۆمدا بیرم لـەو لـەدەست چـوونـە نـەكـردووەتـەوە، سوێند دەخـۆم– چـونكـە هـەر بـەو شێوەیەی تا بە ئێستا تێیگەیشتبێتن لەو ژنە پەك كەوتووە مەسیحی و لـیـكـنـانـە نـیـم كـە دایمە فـێ دەیـانـگـرێ. بە پـێ كـەم هـێز، زەینـی لاواز، جانجروك، گرینۆك، بە پرخە لە نێو خەودا، لە نێو كلینێكس كە بە ترێیەكی ویشك هەڵاتوو گەرم دەبنەوە و بە قۆرە سەرمایان دەبێ. من بە تەواوی ژنێكم لە چەشنی تر، لە جۆری كۆنی ئەمریكایی، بە بێ پیلاو بالام ۱۷۰ سانتی میترە. خۆ پەسەندیم لە راوەستانم دەبارێ. ئەوكات لە بەرامبەر منداڵانی خۆم یان مێردی زگ زلم یان ئەو پیرە دمەوەرە لە سەر كورسییە بەرزەكە، خۆم كۆنەكەمەوە و بەربمەوە لمبۆز لە عەرزی بدەم؟ نا – من نیم ئەگەر وایە بە دوای دیتنەوەی پێوەندی لە شوێنێكدا پێوەندییەك نییە یان لە راستیدا رەنگە پێوەندی گەلێكی زۆر بێ، زۆرتر لەوەی كە چاو زەین بیبینێ، ئەمە كارێكی شێتانە و هیچە. دوان لە سەر ئەلف لە رووی بێوە، بە وردبینیەكی تەواوەوە، بە بەرچاوتەنگییەكی تەواوەوە هیچ كات لە رووی پێوە لە سەر ئەلف كە دوابەدوای دێ، نادوێ. ئەگەر ب.. ێ – تان نەبوو و ئەلف تان بوو ( ئەوەی لە پێش ئەلفەوە هاتووە – بەڵێ، تا بێ نەهایەت سێ رووناكی هەیە) ئایا لە ب... ێ دەگەیشتن؟ ئاشكرایە كە نا، نا، بەم شێوەیە بوو كە بە نەزانییەوە هەوڵیان دا لە رووی لەباربردنی منداڵی سی ساڵ لەمە پێشی ژنێكی لاو لە سەرمۆسیقای مۆتەكەئاسای

ماڵێمان (یان ڕەنگە لە نێو شتومەکی ماڵی من) بدوێن. بە تاڵ کردنی ئەو خوێنە لە گەڵ پەڵەی گۆشتی بێ زمان لە رادەبەدەر ئازاردەر و خەمناکە، هەر بەو رادەیە ژانی گیانی سادەش لەگەڵ هەردووکی ئەوان ئاوێتە بوو. لە نێو پارچەی خاوێن و لە رۆژنامەی هەڵپێچراو دان، ئەو ژانە لە گەڵ زبڵ رۆیشت. ئاخر ئەگەر ئەوە تا پەنجاوسێ ساڵیم نەزۆکی دەکردم، بەو ورتە ورتە دڵسۆزانەیان نەیاندەگوت کە هۆیەکە هەر ئەوە بووە؟

بەڵام قسەی پیس و سووکانە دەڵێن، من ئەم قسانە نابیستم چونکە زانستی شاراوەی خۆمم هەیە، هاوارێکی کپ و نزیك بە من، نزیکتر لە ئێسکانی وردی گوێی ناوەکیم. دڵسۆزانە چێشتیان بۆ حازر دەکەم. هەر وەکوو جاران، چاوەدێری ماڵێ و ژیان بم، نەزم و نیزامە لە ژێر ئاسمانی رۆژاوای ناوەڕاست، دیوارەکان دەشۆرم، لە کاتی خۆیدا کەندووی زەردەواڵە لە بن گوێسوانی سەربانمەوە دێنمە خوارێ و هەموو ئەو شتانەش کە وەکوو گوڵدۆزییەکی شێتانە لە سەر سەرمان رووواوە. بە تامەزرۆیی، سەرلێشێواوی کاتی مەترسی هیچ دەنگێك نابیستم.سیخوڕێك لە ماڵێ نییە، هەموو شتێك هی منە. لایە لایە دەکەم تا منداڵەکەم خەوی لێ بکەوێ.

کاتێ بووکە گەورەکەم (ژنی کوڕەگەورەکەم نێوی ئێلیزییە و بێ حاڵ وەکوو ماسی سپی کە دڕووی هەیە) هاوینان لە گەڵ منداڵە ساواکەی واتە نەوەی من، هاتە چێشتخانە تا مەمکی پێ بدا بە کەیف خۆشییەوە لە گەڵ من زۆر بڵەیی دەکرد، فریوی دەدام وەکوو نەنکی سەرشێت بە پێکەنینەوە پس پس بۆ منداڵەکەی بکەم و ماچی بکەم، کوڕەکەم – کە ئیتر بەو رادەیەی ئەو کات کوڕی من نییە –شێتانە چاومان لێ دەکا، تێگەییم کە چی لەزەین دایە: تا قیژە و هەرا و گریانی قیناویی منداڵی زیندوو بە تایبەت کاتێ کە پەڕۆ پیسەکانی لێ دەگۆڕێ و بۆ هەمیشە دەنگە دەنگی منداڵەکەی تر، منداڵی نادیار بشارێتەوە – ئەمەم بینی هیچم نەگوت، چونکە دەمزانی کە چی بە سەر چییەوەیە.

کاتێ ڕۆیشتن منداڵەکە لە سەر شانی گۆشتنی ئێلزی خەوی لێ کەوتبوو، گوێم لە ورتە ورتەکانیان بوو: فریتس، دایکت هیچی نییە! پێم وایە هەر وەکوو خۆی بوو – چی بە سەر هاتووە؟ – کاتێ کە ڕۆیشتن یەخەی کراسەکەمم کردەوە و پێکەنیم.

دواتر بە دڵەڕاوکێوە بە پەلە لە دیوێکەوە بۆ دیوێکی تر چووم، بە هەناسە بڕکێوە بە پلیکانەکاندا تاکوو ژووری ژێر شیروانی چوومە سەرێ تا گەیشتمە سەرداو، لەو بیرە دابوو کە بەڵێ منداڵی کوڕی من بە هەناسە پڕ قیژەکەی ڕەنگە دەنگی ئەویتری وەلا نابێ ( و بۆنی گووی منداڵەکە هێندە پیسە کە مرۆڤ لە بیری ناچێتەوە) بەڵام ڕۆژی دواتر، بەیانی زوو دەنگی گریانەکە هاتەوە، لە نێو چێشتخانە، لە پێشدا نزم بوو. دەتگوت کایەم پێ دەکا، دواتر وردە وردە هاتە نێو دیوی دانیشتن. دواتر گەیشتە دیواری کاغەز دیواری کراوی پشت پلیکانەکان، من لە ماڵێ تەنیا بووم. دەنگی ئاهەنگی خەمڵیو لە تیغەی کۆنی کەچیدا وەکوو دەنگی لێکدرانی باڵە نادیارەکان ناخۆش نەبوو. هاوارم کرد: کێی؟ چیت لیم دەوێ، بۆ وات لەگەڵ کردووم؟ – بەڵام دڵمەند لەوەی کە وەڵامێك نابێ، نە هەنووکە و نەهیچ بەیانییەکی تر لە ژیانمدا. ئەگەر دەچوومە سەرداوەکە بە دەستە لەرزۆکەکانم کوتکم هەڵدەگرت – یان قوڵینگی کۆنی باوکم – ئەگەر هێزی دێوێکم دەبوو تا ئەم ماڵە تێك بڕووخێنم و بە نەعرەتەوە ڕەگ و ریشە و بزمارە داگیرکراوەکان بە سەر خۆمدا بڕوخێنم، وەڵامیك... تەنانەت سرتەیەکیش نییە، بەختەوەری تەنیایی دیوی تری فەرامۆشییە.*

## ڕیش ئاوی

١– کاتێ پێکەوە پیاسەمان دەکرد دەستی گرتم و بێ هۆ بە بەرۆکییەوە نا، ئەو کارەی کە پێشتر هیچ پیاوێك نەیکردبوو – بەم شێوەیە دەیویست کردی.

شەوێ کە لە ژێر ئەستێرەبارانی ئاسماندا راوەستاین، باسی فرتوفێڵی ئاسمانی کرد، ئەو ئەستێرانەی کە دەیبینی هەزاران ساڵ لەمەوبەر لەناوچوون، ئەو ئەستێرانەی کە دەیبینی هیچیان نەماون، ئەو ئەستێرانەی کە نایانبینی هەن و لەسەر تۆ کاریگەرن.

کاتێ لە سەر چیمەنی چڕ وپڕ و سارددا راکشاین، گژ و گیاکان بۆ شاردنەوەی ئێمە وێکهاتن.

٢– شادمانی پیاوەکە سەرکەوتوویی ئەوە. ئەوە دەزانم. سەرکەوتوویی ژنەکەش میوانداریی ئەو شادومانییەیە.

٣– منی کردە بووکی خۆی و هێنامییە ماڵی خۆی کە بۆنی زەمان و مەرگی دەدا. رێڕەو و دەرگا و ژوورەکان و ئەو پەنجەرانەی کە هەر لە خۆوە دەکرانەوە. ئایا کەسێکی ترت خۆشویستووە بەو رادەیەی کە منت خۆشدەوێ؟ ئاشقی ریش ئاوی م. لێی پرسیم: ئایا ژیانتم پێ دەبەخشێ؟

ئەگەر ژیانی ژن بۆ فڕیدان نەبێ خۆ بەکەڵك نایە!

هەموو ئەو دەرکانەی نیشان دام کە دەتوانم بیانکەمەوە و هیچ لەمپەرێك نەبوو تا ئازادیم لێ زەوت بکا. باسی دەرکەی حەوتەمیشی کرد، دەرکەی قەدەغەکراو، کە نەدەبوایە بمکردبوایەتەوە:

چونکە لە پشت ئەو دەرکەیەوە ژوورێکی نهێنی لێیە کە نابێ بچم.

پرسیم: بۆ نابێ بچمە ژووریٚ؟ هۆیەکەیم پرسی، نێوچاوانی ماچ کردم و گوتی لەبەر ئەوەی من قەدەغەم کردووە.

متمانەی کرد وکلیلی دیوەکەی پیٚ دام و رۆیشت بۆ سەفەریٚکی دریٚژخایەن.

٤– لیٚرەیە: کلیلی زیٚڕینی بچووك، بە سووکی پەڕی قورینگ، لەسەر دەستمە. وەکوو پەڕی قوو سووکە. دەڵیٚی بە خویٚن ژەنگی هیٚناوە. لەبەر رووناکیی چاوم لیٚ کرد، تروسکەی دەهات.

ئایا نەمدەزانی بووکەکانی پیٚشووی میٚردەکەمیان دەهیٚنایە ئەم ماڵە تاکوو بمرن؟ یەك لە دوای یەك گیانیان دا. ئایا شیاوی ئەشقی ئەو بوون؟ چارەنووسیان ئەوە نەبوو؟ کلیلە زیٚڕینەکەم لە مل کرد، نیشانەی متمانەی ئەشقی منە.

٥– کاتیٚ ریش ئاویی ئاشق لە سەفەری دوور دریٚژی هاتەوە شادمان بوو لەوەی دەرکەی ژووری قەدەغەکراو نەکراوەتەوە و کاتیٚ کلیلەکەی تاقی کردەوە بەوەی زانی کە هیٚشتا گەرمای ئامیٚزی منی پیٚوە بوو. دیتی کە ئەو پەڵەیە پەڵەیەکی کۆنە و کاری من نییە.

بە هەستیٚکی زۆرەوە رایگەیاند کە ئیٚستا بەڕاستی ژنی ئەوم و منی لەچاو هەموو ژنەکانی تری خۆشتر دەویٚ.

٦– ئەستیٚرە ونەکان لە پەنجەرە ئاوالاکانەوە هیٚزی خۆیان نیشان دەدا. بەلاّم ئەگەر هیٚزیٚکی ئاشکرا هەبیٚ ئەستیرەکانی بزر دەبن؟

کاتیٚ لە قەرەویٚڵەی نەرم و نیاندا خەویٚکی قورس ئاویتەم دەبیٚ، خەونی دوور و دریٚژ دەبینم و دواتر نایەتەوە بیرم. خەون بە جوانی بیٚ پایانەوە، بیر لە جادوو دەکەمەوە. جاری وایە میٚردەکەم بەیانیان ئەوانم وەبیر دیٚنیٚتەوە. چونکە وەها بەشکۆیە کە ئەویش خەونیان پیٚوە دەبینیٚ. دەڵیٚ جا چۆن دەبیٚ هەمووتان خەونی ئاوا ببینن. هونەر جاریٚ دەبیٚ هەر

بەرێدا بڕوا و ماندوو بێ.

ماچم دەکا و دەڵێی لێم دەبوورێ.

بەم زووانە منداڵێکم لێی دەبێ. لە نێو منداڵە زۆرەکانیدا یەکەم منداڵە.

***

* ریش ئاوی: خوازەیە بۆ بێ هێزیی پیاو لە پەیوەندی جنسی کە لە ئەدەبیاتی رۆژاوادا زۆر دەبیندرێ.

# گەرما

نێوەڕاست مانگی هاوین بوو. تۆڕی گەرما لەسەر شەقامە بەردچنەکاندا شەپۆلی دەدا. لە نێو درەختەکاندا سیسرکە دەیقیژاند و ئاسمان وەکوو تەشتێکی قورقوشم قەلاییکرا و سوور ببوووە. رۆژگاریش هەر وەکو ئەو رۆژە، وەکو رووبارێکی لێڵ کە دایمە بە شوێنێکدا دەڕوا، تێپەڕ دەبوو. ئەوەندەی هێدی دەڕۆیشت کە تۆ نەتدەتوانی بیبینی. بەلام ئەم تێپەڕبوونە بێجگە لە رۆژانی یەکشەممە، کەنیسەی بەیانی، رۆژنامەی یەکشەممە و کارتۆنە رەنگییەکان و ئەو قامکەوانەیە بوو کە جەوهەری رۆژنامەکەی پێوە دەلکا.

رێی و رۆودا کۆنکێل بە باسکیلە کۆنەکانیانەوە لە گردەکە سەراوژوور ببوونەوە و هەڵدەفڕین و بەرەو هێڵی قەتار دەڕۆیشتن. کارخانەی سەهۆڵ و لەوەڕگەی مانگاکانیش هەر لەو شوێنە بوون. ئەوان لە دایەگەورەیان کە زۆری خۆشدەویستن شەش دۆلاریان دزیبوو. تەمەنیان یازدە ساڵ بوو. ئەوان ئاواڵدوانە بوون. شاییان بەو هێزەی خۆیان بوو.

هەموو کات نێوی رێی و رۆودا کۆنکێل ئاوابوو: رێی و رۆودا. هیچ کات نەدەگوترا رۆودا و رێی. نازانم بۆ بەچەشنێکی تر نێویان نەدەهێنان. تەنانەت مامۆستای قوتابخانەش لە بیری بوو کە ئاوا نێویان بێنێ.

ئێمە چووینە مردووشۆرخانەی ماڵێ تاکوو بیانبینین. سەرەخۆشییان بۆ دانابوون. ئێمەیان بردە ئەوێ. ئاواڵدوانەکان لە نێو تابووتێکی ئاواڵدوانەدا بوون. نێو تابووتەکە وەکوو پلاستیکێکی سپی و نەرم و درەوشاوە وابوو، بە پارچەیەکی سپی کە لە مێو درووستکرا بوو، لە گەڵ بۆنی عەتر ئەوێی پڕ کردبوو. دیوەکە قەرەباڵغ بوو. خەڵکی بە دەرکەیەك

دا هاتوچۆیان دەکرد.

ڕێی و ڕۆودا هەر بەو شێوەیەی کە دەیانویست، بە هەرکیان کچێك بوون. هەر کە دەتبژاردن جا دەتزانی کە دووکەسن.

تۆڕی گەرما بڵاوببوووە. مرۆڤ هەر کە دەیویست بە ڕێدا بڕوا دەتگوت لەنێو هەوادا مەلە دەکا. بەڵام ڕێ و ڕۆودا کە باسکیلەکانیان غار دەدا ئەمەیان نەدەزانی. ئیسفاڵتی شەقام لە ماڵی دایەگەورە لە مێین ستریت –ەوە تا ئەولای مێین – ی باشووری درێژەی بوو. ئەم هاوینە ئەوان پێش ئەوەی ببنە پۆلی حەوتەم، مردن. ئەوان نەیاندەزانی کە مەرگ بە دوایانەوە بوو. ئاواڵدوانەکان یەك بیریان دەکردەوە. لە هەمان کاتیشدا خەونێکیان دەدی و لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە هەوڵیان دەدا ئەو خەونە وەکو شتێکی گرێ پوچکەدرا و کە لە ئاوی دەربێنی وەبیر بێننەوە. ئێمە چاومان لێ دەکردن و ئێرەییمان پێ دەبردن. ئەوان هێندە لێك دەچوون کە هیچ کاممان نەماندەتوانی لێکیان بکەینەوە. جارنەجارێك پێ چەقێن و جارجارێکیش وەبیریان دەهاتەوە و دەیانقیژاند و پێدەکەنین، دروست وەکوو ئەو کاتەی کە کوژران. لە نێو کمۆد و مێزی هاوپۆلەکانیان شتیان دەردێنا و دەیانشاردەوە، ئەگەر لێیان ئاشکرا دەبوو، شتەکانیان دەدانەوە و دەیانگوت: ویستمان گاڵتە بکەین.

سێ پەنکەی پایەدار لە مردووشۆرخانەکەدا بوو لێم دیار بوون. ئەو پەنکانە زۆر بە توندی هەڵدەسووڕان و هەوای ئەوێیان دەشلەژاند و دەیانبرد. لە هەموو لایەکەوە با – دەهات. فرمێسکی لە چاوان دێنا. لەو کاتەدا ڕاجێر ویپۆل – یان بەدیل گرتبوو و دیانبردە دایرەی پۆلیس. کەس هیچی لێ نەکرد. دادگایشیان نەکرد. تووشی نەخۆشی زەینی هاتبوو هەر بۆیە لە بەندیخانە نەیانهێنا دەرێ.

ئەو لە نەخۆشخانەی دەرونیدا مرد. چەند ساڵ لەمەو پێش هێنایانەوە

هەتا بینێژن. مەبەستم لەشی بوو کە لەم دنیایەدا بەجێ ماوە. رێی و رۆودا هەر لەو گۆرستانە واتە گۆرستانی فرێست میتۆدیست نێژران. ئەو گۆڕستانە دروست لە پەنای کەنیسە بوو. کیژۆڵەکانی نێو تابووتەکە لەو کەسانە نەدەچوون کە دەمانناسین. لە سەر پشت رایانکێشابوون و چاویان وێکهاتبوو. ئەم خەوتنە قەت لە خەوتنی مرۆڤ نەدەچوو. دم و چاوێکی وردیلانەیان بوو. مژۆڵەکانیان تەواو دیار بوو. هەموو دەیانگوت کە لە پەریلان دەچن. هەڵبەت سەیرە کە وابن.

راجێر ویپۆل لە سەهۆڵخانەی باوکی ئیشی دەکرد. لەنێو رۆژنامەکاندا نووسرابوو کە تەمەنی نۆزدەساڵە. ئەو تا تەمەنی شازدە ساڵی لە دوویت کلینتۆن بوو. هەڤاڵی دایکی واتە سیدی لەوێ وانەی دەگوتەوە و ئەو کوڕەی لە پۆلی دەستەبژێرانەوە دەناسی. راجێر کوڕێکی بالابەرز و دەست زبر و پێ پان بوو. رانی ئەو بەقەدەر رانی بەرازێك ئەستوور بوو. ئەو دڵسۆز و شەرمن و دەنگی دوو توێ بوو. وەکو هاوپۆلەکانی نەبوو، سەرنجی شتی دەدا و نەدەچووە لای ئەوانی ترەوە.

یەکێك لە براکانی ماشێنە بارهەڵگرەکانی باوکی لێ دەخوڕی. راجێر ویپۆل لە پشت ماشێنەکەدا ئەژنۆی لە باوەش گرتبوو. دەنگی ماشێنەکە لە لای گاراجەوە دەهات. ئەو لەتی گەورەی سەهۆڵەکانی کە بۆنی سەرمایان لێ دەهات دەخستە سەر شانی. ئەو وەکو پیاوێکی تەواو بەهێز و چوار شانە بوو. هیچ کات بۆڵەی نەدەکرد و هیچی بەرنەدەداوە.

چاوی شین و گەش و دمی رێکوپێکی بە بزەوە دەکراوە، دیمەنێکی جوانیان بوو. ئێمە ورد پێدەکەنین و درووەمان وەردەسووڕاند. دەیانگوت هێندە دڵسۆزە کە ئازاری بە مێرولەش ناگا. خەڵکی سوێندیان بە سەری دەخوارد.

مژت لە سەهۆڵ دەدا، سەرما دەکەوتە نێو شەویلکەت و بە ئێسکانتدا رۆدەچوو.

ئـەوان لـە لای خـەڵکی بـە ئـاواڵدوانـەی کۆنکێل نـاسراون. هـیـچ کـەس ئەوانی لێك نەدەکردەوە. ئێستا کچەکان بە بێ چرپە هێدی و جوان وەکو بووکە شووشەیەکی بچووك بە دم و چاوی شڵ و گەرداوی و بە لێو و گـۆنـایـەکـی سوورهـەڵـگـەڕاو راکشاون. چـەنـد جـارێك ویستـم لـە بـەر دم تـابووتـەکە چۆك دادەم و بە گوێیان دا بچرپێنم: رێی! رۆودا! ئیدی هـەستن.

دەنگێکی زلیان بوو. شەرمیان نەدەکرد. هەموو کات لە ریزی پێشەوە بوون. یەکیان لە پشتەوە و ئەویتریان لە پێشەوە. ئینسان نەیدەزانی کە چ بکا. قژیان نارنجییەکی گەش و پێستیان سپی بوو کە لێیان دەکالاوە. دەم و چاویان شڵ بوو. دەتگووت بارانی لە سەر شتەك دراوە. بە چاوی سەوز و واقوڕماویان دەیانڕوانی و هەتا پێت نەگوتبایەن دەستیان هەڵنەدەگرت.

تکا دەکەم واتە شۆخی مەکە. رێی و رۆودا نەیاندەتوانی لە شوێنێکدا ڕاوەستن. لە کەنیسە، لە قوتابخانە چاویان لە چاوی یەك دەبڕی، ئیدی ئـەوە بـەس بـوو. دەستـیـان بـە دمـەوە دەگـرت و قـرت قـرت پـێدەکـەنین و دواتریش پێکەنینەکەشیان دەخواردەوە. جاری وابوو پێکەنین بە نێوان قـامکـەکـانـیـانـدا وەکو بـوغـێکی نێو زوودپـەز دەهـاتـە دەرێ. زۆرجـاریش وەکـوو پـڕخـوهـۆڕ وابـوو. ئـێمـەش نـەمـانـدەتـوانـی خـۆمـان ڕابـگـرین و پـێنـەکـەنین. لـە هـەمـوو خراپـتر لـە پـۆلـی وانـەدا بـەرپـرسی قـوتـابـخـانـە بـە ئێمەی گوت کە خانمی فلانگر مردووە. خەم هەموومانی داگرت. فرمێسك لە چاوانی دا هەڵچووە و لە پشت چاویلکە ئەستوورەکەیەوە بەسەر گۆنـای دا دەخزێتە خوارێ. یەکێك لە ئاواڵدوانەکان پخێکی کرد. وەکو گرێکی کە هەڵدێ نەمانتوانی پێشی خۆمان بگرین و پێنەکەنین.

جـاری وابـوو تـەنـیـا بـە وشەی ختـیـلـکـە وەجـوڵـە دەکـەوتین. تـەنـیـا بـەو وشەیە.

هیچ کات خەونم بە رێی و رۆودا بەو نامۆییەی نێو تابووتەکە نەدیتبوو

کە لە نێوەڕاستی خەڵکی دانرا بوون و فرمێسکیان بۆ دەڕشتن و دوعایان بۆ دەکردن، هیچ کات خەونم بە شتە ڕاستەقینەکان و ئەو شتانەی کە نەمدەزانین نەدەدیت. یان ئەو جێیانەی کە نەچووبووم ئەو مرۆڤانەی کە نەمدیون نەدەهاتنە خەونمەوە. جاری وابوو خەونم بە کەسێکەوە دەدیت کە خۆم نەبوو، کێ بوو؟ نازانم.

ڕێی و ڕۆودا  لە پشت سەهۆڵخانەکە خەریکی باسکیل لێخوڕین بوون. شێتانە پێدەکەنین و سەرنجیان نەدەدا کە گولاوێك لە سەر ڕێگایانە. ئەگەر شەوی پێشوو ئەم خەونەیان دیتبوو، ئێستا هەتاوی گەرم لە ناوی برد و لێی هەڵفڕاندن.

ئەگەر مەرگ بە دوای مرۆڤەوە بێ، جاری وایە پێ دەزانێ، جاری واشە لێی تێ ناگا.

ڕاجیر ویپۆل بە تەنیا لە عەمباری ماڵێ کاری دەکرد. ئاواڵدوانەکان چوونە لای و سەهۆڵ وەربگرن و تا بیمژن یان فڕێی بدەن، یان گاڵتە لەگەڵ ڕاجێر بکەن. هەڵبەت ئەوان خراپ نین، تەنیا دەیانەوێ خۆیان بە شتێکەوە سەرقاڵ بکەن.

ڕۆژێکی کاسو وڕ بوو، ڕۆژێك کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە مرۆڤی وەئامان دێنا. شەوانەش گەرما دەست هەڵگر نەبوو. ڕاجێر بە بینینی منداڵانێك بەم تەمەنە شاد دەبوو. بۆ خۆی لە ڕوانگەی زەینییەوە لەوان دەچوو. ئێستاش لە پۆلی شەشدا فێری ژمێریاری دەبوو. لە نێو ڕۆژنامەشدا نوسیبووی کە ژمێریاری مێشکی شڵەقاندووە.

لە دوای ئەو ڕووداوەدا خەڵکی دەیانگوت ئاکاری ئەو نائاسایی بووە و ئاگای لە خۆی نەبوو. ویپۆلەکان کارێکی خراپیان کرد کە ڕاجێریان بەرەڵا کرد. ئەوان دەیانگوت منداڵێکی هێدی و لەسەرەخۆ بوو. ڕۆژانی یەکشەممە دەچوو بۆ پۆلی ئایینی و ئارام دادەنیشت و کەس ئازاری

نەدەدا. کارتەکانی ئینجیلی کۆدەکردەوە و لە بن سەنیرەکەی دەیشاردەوە تا هیچیان لێ نەیەت. بەڕێز ویپۆل زۆر زوو پەروەردە کردنی ئەوی دەست پـێ کـرد و دەیـویست وەکـو سەگ و ئـەسپـێکـی سپـی دەستـەمـۆی مـرۆڤ بـاریبێنێ. نەیدەهێشت بیر لەوە بکاتەوە کە مرۆڤە و توانایەکی هەیە. دەرفەتی پێ نەدەدا تا بزانێ ئیرادەی هەیە یان نا.

دراوسێکان دەیانگوت کە ویپۆلەکان وەکو هێستر کاریان لە راجێر دەکێشا. برا گەورەیان لە هەموو کەس دڵرەقتر بوو. کەس نەیدەزانی کە بۆچی لەو هەوا گەرم و ناخۆشەدا هەموویان جل و بەرگی ئەستوور و شەلواری دەلینگ گوشادیان لەبەر دایە. دایکم دەیگوت ئەو رۆژە ئامێری کەش ناسی لە سەر فێرست میدلەند بانك ٩٨ دەرەجەی فارانهایت لە سەرووی خاڵ نیشان دەدا.

شەوانـی تـر پـێش خـەوتـن مـنـی لـە بـاوەش دەگـرت. دەموچـاوی بـە بـەرۆکـیـیـەوە دەنـووسانـد و ورتـە ورتـی دەهـات کـە مـن حـاڵـی نـەدەبـووم. دەتگوت دەپاڕێتەوە و لە خودا داوا دەکا کە ئاگای لە کیژۆڵەکەی بێت و لە نەهاتی بگێڕێتەوە، بەڵام من نەمدەدیت. چاوانم دەنووقاند و خۆڕاگریم دەکرد. جـارنـەجـارێك هـەمـوومـان دەپـاڕاینـەوە و جـارنـەجـارێکیش من و دایکم لە بەر دم قەرەوێڵەکە چۆکمان دادەدا و دەپاڕاینەوە.

خاتوو کۆنکێل پێدەکەنی و چاوی لە ئاواڵدوانەکان دەکرد. لە ماڵێدا ئەوان هۆی ئازاردانێکی زۆر بوون. هەر وەکو گاڵتەیەکی کە لە رادیۆ بڵاو دەبوووە، دایمە ئەم وتەیەت دەبیست. ئایا لەگەڵ ئەوان دۆعا دەکا؟ نازانم دەرفەتیان دابوویە کە لەگەڵیان دۆعا بکا؟

مـرۆڤ لـە شەوگـاری درێژدا رۆژی لـە بـیـر دەچـێتـەوە، دروست وەکـو ئـەوبـەری دنـیـا وایـە. مـرۆڤ لـە بـیـری دەچـێتـەوە کـە هـەتـاو و گـەرمـان هـەرکیـان لەوێن.

لە مەزاری پشت قوتابخانە هەڵدەهاتی، ئەو جێیەی کە خەڵکی شتە بێکەڵکەکانیان لێ فڕێ دەدا. سەگێکی تۆپیوی لێ بوو. سەگێکی بەر مەڕی بە پەشمێکی جوان بەڵام گلێنەکانی دەرهاتبوو. جڕ و جانەوەر لە لەشیدا هێلانەیان کردبوو. جارێکیان کەسێك دەیویست لەوێی لابا، ڕێی و ڕۆودا دیتبوویان، ئەوان پێکەوە زریکاندیان و چاویان نووقاند.

ئەوان کاری زۆر باشیان دەکرد. شۆکۆلاتیان دەدا بە هەڤاڵەکانیان، جێ کلیلیان لە شوێنێك دێنا، وێنەی پاڵەوانانی سینەمایان کە لەنێو قەتحەیەکی پلاستیکی دابوون، دەهێنا. لە سینەما پیاڵەیەکی چیپسیان دەکڕی و دەرۆیشتن و دادەنیشتن، جارجارێکیش بەشی ئەم و ئەویان دەدا.

بنەماڵەی کۆنکێل لە خانوویەکی گەورە و کۆندا لە کەنار چۆمی دەژیان. دەنگی ماشێن دەهات کە بەخێرایی تێپەڕ دەبوو و لە سەراولێژی گردەوە (گیر) دەندە دەگۆڕێ. خاتوو کۆنکێل ٨ منداڵی بوو. ڕێی و ڕۆودا لە هەمووان بچوکتر بوون. دایکانی ئێمە پێیان سەیر بوو کە بۆچی خاتوو کۆنکێل ئاگای لە منداڵەکانی نییە. دەموچاوی وەکو مانگ دەدرەوشاوە و جوان بوو. بەڵام قژی ئاڵۆزکاو بوو. ئەو وردە وردە دەبوو بە ١٠ کیلۆ. کاتێ هەوا گەرم دەبوو ئەو عارەقەی دەکرد. لە نێو قوتابخانەدا بەرچاو بوو. پیشەی بەڕێز کۆنکێل خانوو دروست کردن بوو. لە شەوگاری هاویندا لە بەر هەیوان دادەنیشت و جگەرەی دەکێشا و قونچکی جگەرە کێشراوەکانی فڕێ دەدایە حەوشە.

بەڕیز کۆنکێل لە بەر گەرما یەخەی کراسەکانی دەکردەوە. ئازاری گیانی نوقمی ئارەقە دەبوو. کە ئاوایان دەدیت پێدەکەنین. هیچ کات ڕێی و ڕۆودای لێك نەکردەوە، کچەکانی تریشی لێ تێکەڵ دەبوو، دەتگوت ناتوانێ نێویان وەبیر بێنێتەوە. بەڕێز کونکێل بۆ مەراسیمی دۆعا نەهاتبوو. لە دایرەی پۆلیس بوو. بەڵام خاتوو کۆنکێل هاتبوو. بە

خەبەبەی ئەستوور و باڵای زەلامی عارەقەی دەکرد و ئاڕایشتی دم و چاوی دەشێوا. بە چەشنێك كە مرۆڤ شەرمی دەكرد چاوی لێ بكا. منی ترساند، کاتێ لەگەڵ دایك و باوكم چووینە ماڵی ئەوان منی لە ئامێز گرت و بە بۆنخۆشیی کراسەکەیەوە نووساند و دەستی کرد بە گریان. هێز و بڕستم لێ بڕا، نەمدەتوانی لە خۆمی دوور بخەمەوە.

پۆلیس بەڕیز کۆنکێلی لەبەر خودی خۆی راگرتبوو. رۆیشتبوو بە دوای ویپۆلەکان، هەرچەند بکوژەکەیان بردبوو، بەڵام بەڕێز کۆنکێل سوێندی خواردبوو کە بگاتە هەرکەس دەیکوژێ، واتە باوکی و براکانی. دەیگوت ئەوان بەرپرسن، کچەکانی ئەو مردبوون. دەیگوت بە دەستم دەیانخنکێنم. بەڵام تالوێری ماشێنەکەی بەدەستەوە بوو.

بڵێی مانایەکی تایبەتی بووبێ یان ئەوەی کە رووداوێك بوو؟ رێی و رۆودا ٦ دۆلاریان لە دایە گەورە دزی بوو. مەرگ بەدوایانەوە بوو. بەڵام ڕێگەی هەڵاتن نەبوو. ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بەخودا بێ مەرگ رەت ناکاتەوە. ئەگەریش وانەبێ ناتوانێ لە چنگی هەڵێ.

دایەگەورەی ئەوان لە نهۆمی دووەمی دووکانێك لە ناوەندی شار دەژیا. ئەم ئاپارتمانە بە رووکاری شەقامی مێین – دا دەیڕوانی. ئەوان پێداڵیان لێدا و رۆیشتن تا دایەگەورە ئاوی ترێ و لیمۆیان بداتێ. ئافرەتێکی پیر و تەنیا بوو. دایمە رێزی بۆ منیش دادەنا. دزی لە دایە گەورە کارێکی زۆر خراپ بوو. یەکیان چووە چێشتخانە و دایە گەورەی سەرقاڵ کرد و ئەویتریان بەبێ گەلاڵەیەکی دارێژراو چوو بۆ مەبال و دواییش بە دزییەوە چووە ژووری خەوی دایە گەورە، دەستی بە جانتاکەی داکرد و پارەی دەرێنا، دەتگوت هەمووکات کاری وای کردووە. کاتێ لە پلیکانەکان دەهاتە خوارێ رۆودا لەژێر لێوەوە پرسی: هەڵتگرت؟ دەیزانی کە رێی کارێکی کردووە کە دەبوایە بیکردبوایە، بەڵام نەیدەزانی کە چی کردووە

یان ئەوەی کە چەندی هەڵگرتووە. دەستیان کرد بە قاقا کێشان و ئەدا و ئەتوار و دواتر دوور کەوتنەوە. بە باسکیلە رۆیشتن بە توندی هەڵخلیسکان و ئیتر پیداڵیان لێدا:

– چیت کردووە؟ چت کرد؟

هەموو کاتێ رێی و رۆودا دەیانگوت کە ناتوانن لێك جیا ببنەوە. ئەگەر یەکیان بەکاری ئەویتریان نەدەزانی دەمرد یان ئەوەی کە بۆ خۆی دەمرد، نەخێر نا هەردووکیان دەمردن.

جارێکیان نازانم چۆن پارەیەکیان بەدەست هێنا بوو و بە کەسیان نەگوت کە لە کوێیان هێناوە. هەمووما‌ن بۆ سینەما میوان کراین. دواتر بەستەنییان بۆ کڕین! ئەگەر چەند جار وتاری ڕۆژنامەکەت خۆێندبایەتەوە روون نەدەبوووە کە چی کردووە. لە گەورەمانیش حاڵی نەدەبوین. وابزانم لە ئاسنی سەهۆڵشکێنێ کەڵکی وەرگرتبوو. وادیار بوو کەسێکی تریش قسەی کرد، بەڵام لەم بارەیەوە چی لە من زیاتر نەدەزانی.

پێمان خۆش بوو کە رێی و رۆودا کوژراون و ئەو هەموو وتارەیان لە رۆژنامەکاندا نوسیوە. بەڵام پێمان خۆش نەبوو کە مردبوون، ئێمە بۆ ئەوان دڵتەنگ نەبووین. لە پۆلی دەیەم دابوو کە ئاواڵدوانەکانی کافمەن هاتنە قوتابخانەی ئێمە. نێویان دووریس و دایان بوو، بەڵام ئەوان شتێکی تر بوون. راجێر ویپۆل دەیگوت کە وەبیری نایەتەوە. وەبیر نایەتەوە کە چی کردووە. لە پێشدا هەموو دەیانگوت کە درۆ دەکا. دواتر باوەڕیان پێ کرد. یان بەشێکی ئەم قسەیان پێ راست بوو. پزیشکەکانی نەخۆشخانەی دەوڵەتی چاویان لێ کرد. هەموو جارێ گوتی کە وەبیری نایەتەوە ئاواڵدوانەکانی دیتبێ. بەڵام نەیدەتوانی شی بکاتەوە کە بۆ باسکیلەکانی ئەوان لە بەر پلیکانەکانە. دیسان نەیدەتوانی ئەمەش شی بکاتەوە کە بۆچی نیوەڕۆ حەمامی کردووە. بنەماڵەی ویپۆل ئەمەیان

روون کردەوە کە راجێر عادەتی وای نەبووە بنەماڵەکەشی لە نیوەڕۆدا حەمام ناکەن.

راجێر کوڕیکی پاك و خاوێن بوو. هەموو کاتی دەستی دەشۆرد. کاتێ قالبە سەهۆڵەکانی دەهاوێشت یان سەهۆڵی دەخستە سەهۆڵخانە دیار بوو کە دەستی خاوێنە. دەڵێن ئەگەر لەتە دارێك بە دەستیدا ڕۆچووبایە یان بەکراسەکەیەوە نووسابایە ئازای لەشی زیبکەی دەردەکرد. فێریان کردبوو بچێ بۆ سەرتاشخانە و بەیانی هەموو ڕۆژێ ریشی دەتاشی. دەیانگوت ئەگەر ریشی دەهات دموچاوی دەخورا و دەترسا.

لە نێو خاك و خۆڵدا دانیشتبوو و پێدەکەنی. سەری بەردابووەوە و چاوی لە رێی و رۆودا دەکرد کە بە باسکیل بە دەوریدا دەسووڕانەوە و گاڵتەیان پێ دەکرد. یارییەکی توند و تیژانە کە ئاوالّدوانەکان دەستیان پێ کردبوو. حەوشەی سەهۆڵخانە بە دەوروبەری هێڵی شەمەندەفەردا نووسابوو. ئەوێ کەڵکی لێ وەرنەدەگیرا. هەوا زۆر گەرم بوو. لە پشت کچەکانەوە تۆز و خۆڵ هەستا. زۆر زوو بێ تاقەت بوون، بەڵام راجیر ویپۆل دەیویست درێژەی پێ بدا. ئەویش کەیفی لە قسە و پێکەنین بوو، بەڵام دەرفەتی پێ نەدەدرا. رێی پێی گوت کە تینوویەتی و سەهۆڵی دەوێ. راجێر هەستا سەر پێ و رۆیشت سەهۆڵی بۆ بێنێ. تێگەیشتنەکەی هەر ئەوەندە بوو. سەهۆڵەکەیان دەمژی و گاڵتەیان پێ دەکرد. راجێر زمانی دەردێنا و خۆی وا دەنواند کە بۆتە سەگ. رێی و رۆودا هاواریان دکرد، چغە وەرە! چغە وەرە! لەتە سەهۆڵەکانیان بۆ لای راجێر دەهاوێشت، ئەویش هەوڵی دەدا بە دەمی سەهۆڵەکە بگرێتەوە. ماوەیەك درێژەیان بەو یارییە دا. لە ئاکامدا ئاوالّدوانەکان سەهۆڵەکەیان فڕێ دایە نێو زبڵەوە. دواتر راجێر گوتی شتێکی پێیە کە هی براکەی ئیمۆن –ە. ئەگەر بیانەوێ پیشانیان دەدا. ئەو کە نەیدەتوانی رێی لە رۆودا جیابکاتەوە و بیانناسێ کە کامیان رێی و کامیان رۆودایە، ئێمە دەمانتوانی. شڵی لە سەر دموچاوی رێی کەمێك

ڕەشتر لە ڕۆودا بوو. چاوی ڕێی لە چاوی ڕۆودا ڕەشتر بوو. بەڵام بۆ ئەم کارە دەبوایە هەرکیانت لە لای یەکتر دانابوایە. دیسانیش ئەوان نەدەبوایە ئەدا و ئەتواریان دەرێنابوایە.

ڕێی گوتی: زۆر باشە.

پێی خۆش بوو بیبینێ. باسکیلەکەی لە بەر پلیکانەکان فڕێ دا. ڕاجیر گوتی کە ناتوانێ هەردووکیان پێکەوە بباتە ژووری. بەڵام نەیگوت لە بەرچی! ڕێی گوتی زۆر باشە. ئەو لە پێشدا لە دایك ببوو، نزیکەی کیلۆیەکیش قورستر.

ژووری ڕاجیر ویپۆل جێیەکی سەیر بوو. لە نهۆمی دووەمی سەر عەمبارەکە دیوێکی چکۆلەیان دروست کردبوو کە هەمیشە سارد بوو. دواتر ئەوێیان دروست کردبوو. لە دەرەوەی خانووەکە پلیکانیان دانابوو و بێ ئەوەی کە بچێتە ژووری یەکراست بە وێدا سەردەکەوت و دەچووە دیوەکەی خۆی. خەڵکی دەیانگوت بنەماڵەی وەکو ئاژەڵێك لە گەڵی دەجوڵێنەوە و نەیان دەهێشت بە ماڵێدا هاتوچۆ بکا. بەڵام بۆ خۆیان ئەمەیان ڕەت دەکردەوە. لەنێو ژوورەکە دەرکەیەکی تریش هەبوو.

ڕاجێر ویپۆل ٨٠ کیلۆ دەبوو. لە نەخۆشخانە وەکو فودانە بای کردبوو. دەیانگوت ئەوندەیان دەرمان پێدا بوو بای کردبوو، تووکە سەری وەریبوو. کاتێ لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا مرد ببووە پیرە پیاوێك. بۆچی مرد، ویپۆلەکان نەیانزانی بۆچی مرد. لە نەخۆشخانە گوتیان کە لە کاتی خەودا شەپڵە لێی داوە. ڕۆودا دەستی کردە سێبەر بۆ چاوی و خوشکەکەی دیت کە بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێ و ڕاجێریش بە دوایدا دەڕۆیشت. ترسا، هەستی دەکرد کە ئەم حاڵەتە زۆر نائاساییە یان نائاسایی دەبێت. هاواری کرد کە ئەویش دەیەوێ بێ، پێی خۆش نییە لەو خوارە بمێنێتەوە و چاوەڕێ بێ. ڕێی پێی گوت کە بیدەنگ بێ. نۆرەی ئەویش دەگا. ڕۆودا وێستا و

پێلاقەی بەو سەهۆڵە دادا کە لە نێو زبڵەکاندا دەتواوە. دواتر دیسان ئارا و قەراری نەما. کاتێ پەنجەرەکەیان پێوەدا. گەتی ماندوو بووە و دەچێتەوە ماڵێ. گوتی کە لە چاوەڕوانیدا دڵی تێکەڵ دێ. بەڵام هیچ کەسێك نەهاتە بەر دەرکە، لە پەنجەرەکەشەوە کەس چاوی لێ نەکرد. لە بن قڕنیزەکە زەردەواڵە هێلانەی کربوو. تەنیا دەنگی وزەوزی زەردەواڵە دەهات. ڕۆودا باسکیلی لێخوڕی و بەرەو شەقام ڕۆیشت. هەر کەس چاوی لێ دەکرد دەیزانی کە دەچێتەوە ماڵێ. وای بیرکردەوە کە رقی لە ڕێی – یە! نەفرەتی لە خوشکەکەی دەکرد. ئاواتی بوو بمرێ! نەحلەت لێ بوو! دەڕۆیشتەوە ماڵێ، یەکەم کارێکی کە دەیکرد بە دایکی گوت کە ڕێی ٦ دۆلاری لە دایەگەورە دزیوە و ئێستاش لە گیرفانی دایە.

خانووی بنەماڵەی ویپۆل ماڵێکی کۆن بوو. ئەوان هەوڵیان دابوو کە بە رووکەشێکی سوور وەکو خشتی لێ بکەن. هۆدەکانی نهۆمی یەکەم گەورە و فراوان بوون، بەڵام لە نهۆمی سەرێ چەند دیوێکی بچوك و تەنانەت ناتەواو دروست کرابوون، وەکو دیوی راجێر کە دواتر خەڵکی بە پێی وتەی پۆلیس دەیانگوت بۆتە تەویلەی بەراز. هیچ شتێکی لێ نەبوو، بێجگە لە قەرەوێڵەیەك کەمێك شتومەك کە خانمی ویپۆل لەوێی عەمبار کردبوو چیترت نەدەدیت.

لە بنەماڵەی ویپۆل کە ئەوکات ٧ کەس بوون تەنیا خاتوو ویپۆل و کچەکەی ئایرێس لەوێ بوون کە سوێندیان دەخوارد بێجگە لە دەنگی کایەکردنی منداڵان هیچی کەیان نەبیستووە.

ڕۆودا خۆی بە سەر باسکیلەکەدا شۆڕ کردبوووە و پێداڵی لێدەدا و ڕێی بەجێهێشت. بەڵام لە کۆتایی ڕێگەدا باسکیلەکەی وەرسووڕاند، بە چەشنێك کە ئەگەر چاوت لێ کردبوایە دەتزانی کە دەیەوێ کارێك بکا. کچە رەقەڵ و قژ سوورەکە کە دم و چاوی شڵ بوو زۆر بەپەلە باسکیلەکەی لێ دەخوڕی و

دواتر هێدی دەبوووە. دیسان لێی دەخوڕی و مارپێچ دەڕۆشت، لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد، دەتگوت توورە بووە. رقی لە رێی بوو! زۆری لی توورە بوو! وەها ترسا دەتگوت نێو زگی بریندار دەکەن. دەیزانی کە ئەوو رێی نابێ لە دوو جێ بن دەنا بەڵایەکیان بەسەر دێ. ئەو بە شتێکی دەزانی.

باسکیلەکەی لێ خوڕی و ڕۆیشتەوە ماڵێ. باسکیلەکەی لە پەنای باسکیلی رێی دانا. باسکیلەکانیان زۆر کۆن بوو، پێداڵەکانیشیان شکاو بوو. بەڵام باوکیان تگەری تازەی کڕیبوو و لە سەرەتای هاویندا باسکیلەکانی رۆنکاری کرد. باسکیلی هیچ کامیانت بەتەنیا نەدەدی. پێکەوە بۆ هەر کوێ دەڕۆیشتن شان بە شانی یەکتری بایسکیلیان لێ دەخوڕی.

رۆودا چاوی لە نهۆمی دووەم بڕی. پەنجەرەکە پێوەدرابوو. هەرای کرد:

هۆی رێی؟ رێی؟

بە نەڕە و گوڕە لە پلیکانەکان وەسەرکەوت، تا دەنگی ئەو ببیستێ. هێشتا دەترسا. بەڵام لە ترسانە نەڕە و گوڕەی دەکرد. تاکو ورە وەبەر خۆی بنێ. راجێر ویپۆل لەوێ بوو و روانییە دموچاوی سوورهەڵگەڕاوی، دەتگوت ئەوی لەبیر چوەتەوە. دەستی بە کراسێکی قۆڵدار سترِی. لێی زیت بووەوە، تیشکی هەتاوێك لە چاوی دەدرەوشایەوە.

دواتر دەیگوت کە چی وەبیر ناهێنێتەوە، هیچی وەبیر نەدەهاتەوە. بەو قەڵافەتەوە نەتدەتوانی بڵێی کە باڵای چەندەیە و تەمەنی چەند ساڵە. قژە زەردەکانی بەسەر برۆیدا ڕژا بوو و دەستی پێکەوە گری دابوو. دەتگوت دەیەوێ هێدی ببێتەوە. وەبیری نەدەهاتەوە کە لە نێو سەهۆڵخانەدا کارێکی کردبێ. دواتریش زۆر گریا. دەترسا. پەشیمان و تاوانبار بوو. بڕیار بوو محاکەمەی نەکەن. بەڵام بێ کەڵك بوو. خاتوو ویپۆل بوو بە بەندییەکی نێو ماڵێ، نەدەچووە دەرێ. تەنانەت بۆ کەنیسە و دووکانیش نەدەچوو.

نەخۆشی شێرپەنجەی گرت و لەپێش مەرگی راجێردا دیقی کرد. دەیگوت ئەوی خۆش دەوێ. بەڕاستی بێتاوان بوو. ئازاری بە مێرووڵەش نەدەگەیشت. بە تایبەتی بێچووە پشیلەکانی خۆش دەویست و کوڕێکی ئاقڵ و ئایینی و دڵسۆز بوو. هەرچی بێ ئەم کچانە کردوویانە کە ئەویان ئازار دەدا. تەمەنێك جگەر گۆشەی ئەو بێچارەیەیان ئازار دابوو. دڵی شکا، دەبێ ئەو رۆژە کارێکی کردبێ. بنەماڵەی ویپۆل لە پێشدا پۆلیسیان ئاگادار کرد. بەڕێز ویپۆل تەرمی کچەکانی لە نێو سەهۆڵخانەکە لە ژێر کاوکڵۆشدا دیتەوە.

٩ – ی شەوبوو کە بە چراقەوە ئەوانی دیتەوە. دەیگوت دەیزانی. لە ئاکاری راجێر گەیشتبوو و هەواڵی ونبوونی کچەکانی کۆنکێل بڵاو ببووەوە. دەیزانی، بەڵام نەیدەزانی کە چ دەزانێ و یان لە چی ئاگادار دەبێ. راجێر نیوەڕۆ حەمامی کردووە. دیسان ریشی دەتاشی. وەڵامی دایکی نەداوە. چاوی لە عەرزی بڕی. دەتگوت گوێ دەداتە شتێك کە تەنیا بۆ خۆی دەیبیست. دەیزانی. بەڕێز ویپۆل دەیگوت نالەبارترین کاتی ژیانی کاتێ بوو کە پارچەکەی هەڵداوە و ئەو شتەی ژێری دیت. زۆر سەخت بوو. هیچ کات نەیتوانی لە ژێر ئەو بارە قورس و بەژانە رزگار بێ. هیچ چارەیەکی نەبوو. مەگەر ئەوەی وەکو خەڵکی بیر بکاتەوە. ئەو لە میتۆدیستە کۆنەکان بوو. هەموو شتێکی بە راست دادەنا. بەڵام هیچ شتێك یارمەتی ئەوی نەدا.

باوەڕی بەوە بوو کە عیسای مەسیح ڕزگاری دەکا. هیچ کات رووی لە راجێر وەرنەسووڕاند. ئەگەر راجێر لە ناخی دڵەوە تۆبەی دەکرد ئاسوودە دەبوو. لەو دنیایەی دیکەدا دیسان لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە. باوەڕی بەم شتانە بوو. بەڵام نەیتوانی کارێك بکا.

سەهۆڵخانەکە هێشتا لەوێ ماوە، بەڵام دەرکەکەی داخراوە. کاری بنەماڵەی ویپۆل زۆر لەوە پێشتر تەواو بوو. ئێستا غەریبەکان لەوێ دەژین و

حەسارەکە پڕە لە زبڵ و ئاسنەواڵەی ماشێن. چەند کەس لە بنەماڵەی ویپۆل لە کەنار شاری دەژین. بەڵام لێرەکانە، لە نێو شاردا کەسیان نییە. لەپشت سەهۆڵخانەکە لە نێو ماشێنی هەڤاڵەکەمدا بیر لە ڕێی و ڕۆودا دەکەمەوە. لەو ڕووداوەی کە ئەو ڕۆژە لە هۆدەی راجێر ویپۆل دا رووی دا. بیر لە مەراسیمی ناشتن کە ئاواڵدوانەکان لە کەنار یەکتری وەکو بووکە شوشە راکێشرا بوون. شەوێکیان کە نەخەوتبووم و بەخەبەریش نەبووم، دایك و باوکم لە نێو دەرگەی دیوەکەم دا ڕاوەستاون و چاوم لێ دەکەن. بیری ئەوانم دەخوێندەوە. بیریان لە ڕێی و رۆودا دەکردەوە و لە من کە کچیان بووم. نەیاندەزانی کە چۆن ئاگایان لەمن بێ و وەڵامێکی روونیان نەدەدیتەوە.

ئەو کاتەی کە لە نێو ماشێنەکەدا بووم زەینم شڵەژا و رۆودا کۆنکێل ـ م دیت کە لە دم پلیکانەکاندا راوەستا بوو و راجێر ویپۆل چاوی تێ بڕیبوو. سیمای رەنگ پەڕیویم دیت، ترسا بوو بەڵام بڕیاری دا بڕوا. پاڵی بە ڕاجێرەوە نا کە بچێتە دیوەکە و ڕێی ببینێتەوە. بە کەناری ئەودا تێپەڕ بوو. دەیویست پێشی پێ بگرێ بەڵام نەیتوانی. لەشی بۆنی لێ دەهات. زۆر بە توندی هەناسەی هەڵدەکێشا. هەڵبەت وەکو ئەم سەگەش نەبوو کە وەپێکەنینیان بخات. رۆودا دەپرسێ ڕێی چووە بۆ کوێ؟ لە نێو تاریکیدا هیچ کوێی نەدەدیت. راجێر ویپۆل گوتی کە ڕێی چۆتەوە ماڵێ. دەنگی دوو توێ بوو گوتی چۆتەوە ماڵێ. رۆودا گوتی ڕێی ناچێتەوە ماڵێ، بەبێ ئەو ناڕواتەوە. راجێر ویپۆل بۆ لای هات و گوتی: ڕۆیشتووە، رۆیشتووە و بە تووڕەییەوە گوڕاندی کە رۆیشتووە. بەڵام رۆودا باوەڕی پێ نەکرد. رۆودا هاواری کرد، ڕێی. ڕێی. لە کوێی ڕێی؟ لە شتێك هەڵکەوت کە لە مەلافەکەوە پێچرابوو.

لەپشت سەرییەوە کوڕە چوارشانەکە دەیگوت کە رۆیشتووە، بەڵێ ڕۆیشتووە. دەنگی بەرز و بەرزتر دەبووەوە. بەڵام وانەبوو کەس بیبیستێ و وەفریای بێ. من لەوێ نەبووم. بەڵام شتگەلێك هەن کە مرۆڤ پێ دەزانێ.

# دوای مردن

بارودۆخ وابوو یان هەر وادەبێ.

لە ڕێیەکی دوورەوە، وادیار بوو کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهات. گۆی زەوی دەسووڕاوە بۆ ئەوەی بەیانی بێت، دەتگووت چەکوش دەکوتن. پێت وایە کە لە بینایەك دایە. زۆر دوور، بینایەك کە پڕە لە خەڵکانی نامۆ. دواتر نزیکتر دەبێتەوە. گەڕەك بە گەڕەك، شەقام بە شەقام. لەو خوارەوە لە نێو شەقامدا دوازدە قات لە ژێر پەنجەرەکەوە دەنگی ئاژیر دێت. لە ڕاستیدا دوو ئاژیر. دەنگەکان تێك دەئاڵان. بە خێرایی و بە پێچەوانەوە: باکوور و باشوور. شەیتان بازاڕێکی ئاشنایە. ئاژیری ماشێنی ئاگر کووژێنەوەیە؟ ئاگر لە بیناکەی ئێمەدا؟

دەنگی لە دەرکەدان، بە مست. بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. ئێستا ئیتر وەڕاست گەڕاوە: خەریکە دەسکی دەرکەکە دەشکێنن: هاتوونەتە بەر دەرکی ئاپارتمانەکەی تۆ. دەنگی پیاوانە. هەنگاوەکان قورس. چەکمەیان لە پێدایە. دەنگێکی فەرماندەرانە سامناکی لێ دەڕژێ.

- هۆی... کێ لە ژوورەیە؟ ئێمە پۆلیسین، دەرکە بکەوە. لە قەرەوێڵەکەدا ڕاکشاوی. پێت وایە جێی خەوتنتە. ئەوەی ڕاستی بێ باوەڕناکەی، لە ژوورەکەدا کەوتووی. لە بن فەرشەکەدا تەختەی عەرزی ژوورەکە پشتت ئازار دەدا. دەڵێی بە پانێی ناسکی رووتتدا رۆ دەچێ. بە نیوەچڵ جلوبەرگت لەبەر دایە. زۆرت سەرمایە. هێندەت سەرمایە کە هەستی پێ ناکەی. پەتۆیەکی پەشمینی توندت تێ ئاڵاوە. وەکو پێچانەوەی منداڵ بەڵام لاقەکانت بەدەرەوەیە. لاق، قولاپە، بنی پێ، بنی پێشت بەدەرەوەیە. بۆ هاتوونەتە ئێرە؟ وەدەر کەون! کێ بانگی پۆلیسی کردووە! هەوڵ دەدەی هەستییە سەرپێ. بەڵام ناتوانی. تەنانەت ناتوانی خۆت وەرسووڕێنی و

خۆت بخەیە سەر ئانیشکت. لاقت دەڵێی لە ژێر قورسایی جەستەتدا سووڕاوە. وەك ئەوە وایە لە بەرزاییەوە بەردرابێتییەوە. ئازای گیانت لە جێ چووە. گۆج بووە، دەڵێی گشت دەمار و ماسوولکە و ئێسکەکانت زەبریان لێ کەوتووە.

ـ ئەم دەرکەیە بکەنەوە، تکایە...

دەنگێکی تر، گڕتر: ئێمە پۆلیسین دەرکە بکەنەوە!

بە روونی هەست بە دەنگی دەرکاکە دەکەی کە بە توندی دەکرێتەوە و دەشکێ، بڕۆن! لێم گەڕێن! ئێوە ناتوانن وا بکەن! ئەگەرچی چاوت بێ جووڵە بە بن میچەوە هەڵواسیوە و بە هۆی نسێکانی بان سەرتەوە دیار نییە، بەڵام چوارچێوەی دەرکاکە دەبینی کە خەریکە لە بەر یەك دەردێ و تەڵەزمە داری لێ دەبێتەوە. وا هەر نییە، قەت شتی وا نابێ، بەم حاڵە ئەوە روو دەدا. دەتوانی خۆت لە کوێ حەشار بدەی؟ راکێش راکێش بچییە ژێر قەرەوێڵەکە. بێ ئەوەی بڕستت مابێ؟ راکێش راکێش خۆت بگەیەنییە حەمام کە لەو بەری ژوورەکەیە؟ ئەم پەتووە تەسکە ناتپارێزێ، شتێکی شەرمێونانە لەم جەستە نیوە رووتەڵەیەت دایە. با تەنیا بم، تکایە بڕۆ. پێویستییەکمان بەتۆ نییە!

مێردەکەت لە کوێیە، بۆچی لە خەو هەڵنەستاوە؟ چووەتە دەرەوە، تۆی بە تەنیا بە جێ هێشتووە و رۆیشتووە، لە کەیەوە بە تەنیا چاوەڕێی تا بگەڕێتەوە؟ ۳۰ ساڵە کە شووت پێ کردووە و ناتوانی سیمای وەبیر بێنییەوە! بەڵام کەس پێ نازانێ.

پۆلیسەکە هیچ سەرنجێك بە رەخنەی تۆ نادا. لە ئاپارتمانەکەدا زرم و کوتیان دێ و شتێك دەشکێ و ورد دەبێ و عەرزی ژوورەکە دەلەرێتەوە. رادیۆ دەنگێك وەکوو قیژەی تووتی لێوە دێ. تیشکێك لە چاوت دەدا خەریکە کوێرت بکا. هەوڵ دەدەی خۆت لە پەتۆکە ئاڵێنی، لێم گەڕێ! چۆن ئیزن بە خۆت دەدەی. بە سەختی دەگری، دەپاڕێیەوە، چاوم لێ مەکە، لاچۆ! لە

دەرگـانـەی ژووری نـووسـتـنـدا سیـمـا نـامـۆ و گـۆشتـنـە مـات و بـێ چـاووڕووەکـان بـە سەرسووڕمـانـەوە لـێت دەڕوانـن. یـەکـیـان گـەنجە، عەینەکێکی چوارچێوە ئاسنینی  لە چاو دایە کە ترووسکەی دێ و تێیدا تیشکی بان سەری دەبرسکێتەوە، نا، نا ، نا، لێم مەڕوانە!

نائومێدانە لە بن پەتووەکە خۆت دەشارییەوە. دەڵێی شتێکی پێوەیە، بەقژتەوە دەنووسێ. هێندەت سەرمایە کە ناتوانی جووڵە بکەی: پێستت وەك شیر سپـی هـەڵـگـەڕاوە، خـوێنـی بـن نینـۆکـەکـانت مـەییـەوە، وەکوو بەلاڵووکی رەشی لێ هاتووە. شەرمێونانەیە. زۆر رووتی، ئەم نامۆیانە کە جلی پۆلیسیان لەبەر دایە چۆن دەتوانن دەرکەی ئاپارتمانی تۆ بشکێنن و تەنیاییت بشێوێنن، شووکردنی ٣٠ ساڵەت، بە هێواشی بەرەو لات دێن، شەلواری درێژ، قایشی چەرمی کە ترووسکەی دێ و ئاغزوونیەی پێوەیە، دەمانچەی ئامادە، سێ پیاو کە جلی پۆلیسیان لەبەر دایە و تۆ نایاننناسی، وات چاو لێ دەکەن کە تا بە ئێستا شتی وات نەدیوە، یەکیان فیتوویەك لێ دەدا و دەڵێ:

ـ وەی... خودایە!

ئەوی تریان ئاوی دەمی قووت دەدا.

ـ ئەوە چییە؟ واتە... ؟

سێهەم کەسیان دەموچاوی وێك دێ و بە لەحنێکی گەشەوە دەڵێ:

ـ ئەرێ! بۆخۆت کە دەزانی!

لەپشت پەنجەرەی باران لێدراوەوە ئاسمانێکی شین هەڵگەڕاو و گەلای ئەرخەوانییەوە شتێکی بۆگەنیو روون دەبێتەوە.

دەستـم لـێ مـەدەن. پـەتـووەکـەم لـێ مـەکـەنـەوە، مـن چـاکـم، بـۆ خـۆمـم، هـەمیشەش هـەر وەك خۆم دەمێنمەوە، تەنیا خەوتووم و ئێوەش مۆتەکەی منن، بە بێ من ئێوە بوونتان نییە. دەستم لێ مەدەن!

دوانیان لە نزیکەوە دانیشتوون و دەیڕوانن. بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بێدەنگی! یەکیان بە دەستی دەمی دەسڕێ، ئەوی دیکەیان لەو دۆخەدا بە دەنگێکی ئاوێتە بە متمانەوە قسە دەکا. لە نێوی دەرکەی حەمامەکە کە کاشی سپیی لێدراوە تیشك لەسەر عەینەکی گەنجترین پۆلیسدا سەما دەکا. پێدەکەنێ یان زۆر دەمار گرژانە لرخە لە گەرووی دەبڕێ. دەڵێ: ئەگەر پێتان وایە ئەوە خراپە، سەیری ئێرە بکەن

***

# پێ خاوسی

هەوا بەرەو سارد بوون دەچوو. یەکەم شەوی ساردی پاییز بوو. یەکەم شوێنێکی کە هاتە بەر چاوی بەلەکی تاشراو و ڕووتی ئەو بوو کە هێور هێور لە پارکینگی پیاڵەفرۆشی کێی بۆرد لۆنج دەهاتە دەرێ و دەڕۆیشت. بە هەر هەنگاو هەڵهێنانەوەیەك قوماشی هاوریشمینی لادەدرا و بەشێك لە رانی رێکوپێکی دەردەخست. بەو کەوشە پانێ بڵندانەی کە لە پێی کردبوو کاتی بە رێدا رۆیشتن کەمێك دەلەنگی، بەڵام مەست نەبوو، کەس تا ئێستا بە مەستی نەیدیتبوو. لە کوێوە هاتبوو و دەیویست بۆ کوێ بچێ هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبوو ئەو شەوە ئەوی بە تەنیا و بە پەلە دیتبوو. هەڵبەت بۆ خۆی دەیزانی کە بۆ کوێ دەچێ و چی دەوێ یان لانیکەم رۆیشتنەکەی وای دەنواند.

نێوی رۆندا بوو، بە بن زاراوەیەکی ویرجینیای رۆژهەڵاتی و دەنگێکی گڕ. نازناو و ژمارە تەلەفۆن و ئادرەسی نەبوو چونکە بۆ خۆی دەیگووت هەمیشە ماڵ دەگوێزێتەوە و لە شوێنێك نامێنێتەوە. هەمیشە بە دوای شوێنەوەیە و گوێی بە قسەی زۆر کەس نەدەدا. گرینگ لە لای ئەو دۆزینەوەی منداڵەکانی بوو. کچە ١٤ ساڵانەکەی "شانێن" و کوڕە بیچکۆلانەکەی پیتێر. لە پیاڵەفرشییەکە وێنەی منداڵەکانی بە هەموو کەس نیشان دەدا و ئەگەر دەرفەتێکی دەدۆزییەوە لەسەر کورسی دادەنیشت. لەسەر کورسییەکە بێقەرار بوو. جەستەی بتاوێن و چاوانی گەورە بوو. تێیدا هەستێکی دڵڕفێن شەپۆلی دەدا. رووخۆش بوو. لەوەدەچوو کە شتێکی کەم بێ. پێکەنینە لەکوتوپڕەکانی و جەستەی رێکوپێکی ژنانەی جوانییەکی لەرادەبەدەری پێ دابوو. نیشانەیەکی تایبەتی ئەو ئەویش پێکەنینی جاروبار نابەجێی بوو. هاوڕێیانی

دەیانگوت کە رۆندا خاتوونێکی تەواوە، تەواوی ئەو شتانەی کە دڵ پێی خۆشە.

دموچاوێکی خەپەی هەبوو. لێو قەیتان و لووت پان. ماتیك و ترووسکەی سەر لێوو بۆنخۆشییەکەی بەرچاو بوو. عەتری زۆری لە خۆی دەدا. هەمیشە جلی تەسك و ڕەنگ جوانی لەبەر دەکرد، کەسکی لیمۆیی، سووری تۆخ و قوماشی هاوریشمی و جاری واشبوو جلی هاوینەی لەبەر دەکرد. بەهیچ چەشنێ شەلوار و کەوشی پانێ تەختی لەپێ نەدەکرد. منداڵەکانم، یارمەتیم بدەن کە بیاندۆزمەوە. منداڵەکانم؟ نا؟ بە نیگایەکی ئاوێتەی پارانەوە وێنەکانی بەم و ئەو نیشان دەدا. هەر ئەمە بۆ خواستەکەی بەس بوو، مەگەر وا نییە؟ ئەوی لێ ون ببوو تا نەیاندۆزێتەوە دەست هەڵناگرێ. ئەو یارمەتی دەویست. هەر یارمەتییەکی شانێن و پیتێر بدۆزێتەوە دەسکەوت بوو.

شانێن لە بەشێك لە وێنەکاندا نۆ ساڵانە بوو. لە بەشێك لە وێنەکانی دیکەدا لە گەورەتر دەچوو. کچێکی مێرمنداڵ بە لێوی ئەستوور و ماتیکاوی کە لە بەرامبەر کامێرا دا ئەدا و ئەتواری نیشان دابوو. دموچاوێکی خەپەی هەبوو و جلی یەکدەست و بلوزی هەراوی دەهاتە بەر چاو.

## ئۆسەبێل

دوای نیوەڕۆی ڕۆژێکی هاوینی بوو. دەنگی تەلەیفۆن لە بێدەنگی ماڵی ڤیلایی هالاّ. میشێل بۆ ساتێك وەستا و دواتر تەلەیفۆنەکەی هەڵگرت. ئەمە یەکەم نیشانەی ڕووداوێکی ناخۆش بوو. ئوتو بێن، خەزووری میشێل لە پشت هێڵی تەلەیفۆنەکەوە بوو. چەندین ساڵ بوو کە ئوتوو پێش سەعاتی یازدەی شەوێ کە خەرجی تەلەیفۆن کەمتر دەبووەوە زەنگی لێ نەدابوو. تەنانەت کاتێکیش کە خێزانی ئوتوو واتە تێرزا لە نەخۆشخانە کەتبوو.

نیشانەی دووەم دەنگی ئوتوو بوو:

میشێل؟ سلاّو! منم ئوتوو.

ئوتوو بە دەنگی پڕ لە نەشە و بەرزەوە قسەی دەکرد. لە باوکێك دەچوو کە لە شوێنێکی دوورەوە تەلەیفۆنی کردبێ و بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە دەنگی میشێل دەگات. تۆنی دەنگی دۆستانە و هۆگرانە بوو. کەم وا بوو بەم جۆرە بدوێ. لیزا بێت کچی ئوتوو عادەتی بە تەلەیفۆنە نابەوەختەکانی باوکی کردبوو. هەر کە تەلەیفۆنی هەڵدەگرت ئوتوو دەستی دەکرد بە پرتە و بۆڵە، بە لەحنێکی ڕەق و تەوساوییەوە کە تووڕەبوونی پێوە دیار بوو. لاسایی شێوازی فەرامۆشکراوی بروس – ی دەکردەوە کە ئوتوو لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتا لە خزمەتی دابوو. ئوتوو لە تەمەنی هەشتا ساڵی دا تووڕە و تۆسن و دەمارگرژ بوو. دەمارگرژ بەخاتری شێرپەنجەی ژنەکەی، نەخۆشی درێژخایەنی خۆی و لە بە دراوسێکانیان لە فارست هیل کە هەمیشە دەنگەدەنگیان دەهات، لە منداڵانی هاروهاچ، لەو سەگانەوە دایم قوولەیان دەهات و هارەهاڕی ماشێنی چیمەن بڕینەوە و زبڵ و ... لەوە دەمارگرژ بوو کە ناچار بوو دوو سەعاتی تەواو ژوورێکی سارد و سڕدا بۆ

وەرگرتنی M.R.D تاقەت بێنێ. دەمارگرژ لەو کەسانەی لە سیاسەت دەداون، تەنانەت لەوانەی کە بۆ خۆی پازدە ساڵ لەمەوبەر دوای خانەنشین بوونی لە مامۆستایەتی دەنگی بۆ کۆکردبوونەوە. لە ڕاستیدا ئوتوو لە بەر پیربوونی خۆی دەمارگرژ بوو، بەڵام کەس نەیدەوێرا ئەوە بدرکێنێ، کچەکەی کە نەیدەوێرا، چ بگا بەزاواکەی.

بەڵام ئەو شەوە ئوتوو دەمارگرژ نەبوو.

بە لەحنێکی دۆستانە و بە دەنگێکی بەرزەوە لەبارەی ئیشەکەی کە دیزاین و میعماری بوو پرسیاری لە میشێل کرد و هەواڵی تەنیا کچەکەی واتە لیزا بێت ی پرسی و لە منداڵە جوانەکانیان کە گەورە ببوون و بە جیا دەژیان. ئوتوو دڵی لە لای نەوەکانی بوو، ئەمەش واتە کاتی منداڵی. ئەوەندە چەنە درێژی کرد هەتا میشێل بە بێ تاقەتییەوە گوتی:

– ئوتوو، لیزا بێت چۆتە دەرێ شت بکڕێ، دەورووبەری سەعات حەوت دێتەوە، دەتەوێ پێی بڵێم کە تەلەیفۆنت بۆ بکا؟

ئوتوو قاقای کێشا. تروسکەی لێوی چرچ و لۆچ و تەڕی دەبیندرا.

– تاقەتی ئەوەت نییە کە دوو قسەی خۆش لەگەڵ پیرەپیاوێك بکەی؟

میشێڵ هەوڵی دا پێبکەنێ:

خۆ قسەمان دەکرد ئوتوو.

ئوتوو بە لەحنێکی جیدیترەوە گوتی: میش! دۆستی خۆشەویست، باش بوو کە تۆ تەلەیفۆنەکەت هەڵگرت نە "بێتی"، لەوە زیاتر هیچ شتێکی دیکە ناڵیم، بەڵام پێم وایە لەگەڵ تۆ قسە بکەم باشترە.

بەڵێ!؟

میشێل حەپەسا. لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی ببوونە خزم تەنیا بۆ جارێکیش بە ناوی دۆستی خۆشەویست بانگی نەکردبوو کە بە نەخۆشی

پارکینسۆن – ەوە دەینالاند، هەڵبەت خراپتر نەببوو یان ڕەنگە ببوو؟

میشێل وەبیری هاتەوە کە ئەو و لیزا بێت ساڵێك دەبێ کە سەردانی ئەو ژن و مێردە پیرەیان نەکردووە و هەستی بە تاوان دەکرد. لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە تەنانەت دوو سەد مایلیش دوور نەبوو. لیزا بێت دوانیوەڕۆی هەموو یەك شەممەیەك تەلەیفۆنی بۆ دەکردن و هیوادار بوو – ئەگەرچی کەمتر شتی وا رووی دەدا – دایکی تەلەیفۆنەکە هەڵبگرێ، چونکە لە پشت هێڵی تەلەیفۆنەوە ڕووخۆشتر بوو و بە تامەزرۆییەکی زیاترەوە دەدوا. بەڵام دوایین جارێکی کە چووبوون بۆ ئەوێ، تێرزا هێند تێك شکا بوو، حەپەسان. پیرێژنی داماو دوای چەند مانگ کیمیا دەرمانی، ببووە ئێسك و پروسك و قژی وەریبوو. لە تەمەنی شەست ساڵی کە دڵ بەدنیا و دڵخۆش و بەهێز بوو زۆر تێ نەپڕیبوو. ئوتوو کە لەرزۆك ببوو لەوە دەچوو لە ڕووداوێکی هیچ و بەژانەوە ڕەنجابێ . هەمیشە لە نهێنی بوونی دانیشتنی وەفدی پزیشکەکان گلەیی دەکرد. ئەو دیدارانە بەژان و شەکەتهێنەر بوون. کاتێ دەچوونەوە بۆ ماڵێ، لیزا بێت چەند پارچە شیعرێکی ئێمیل دیکنسۆن– ی لەبەر خۆیەوە دەگوتەوە:

ئاخ ژیان!

لەسەرەتادا ئاوێتەی گەڕیانی خوێن و لە دوایین چرکەکانیش دا تلانەوە لە بێ ناوەڕۆکیدا.

...

میشێل کە زاری وشك ببوو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتبووی:

خودا گیان خۆ ئاواش نییە. نا؟

ئێستا دوای دەمانگی تر، ئوتوو لە پشت هێڵی تەلەیفۆن بوو و بە لەحنێکی بەئاگا دەتگوت هەواڵی فرۆشتنی ملکێکی دەا، باسی بڕیاری براوەی خۆی و تێرزای دەکرد. ئیتر نەیدەویست باسی ژمارەی گولوبولە

سپییەکانی تێرزا و چاکبوونەوەی خێرای خۆی بکا، چونکە دۆسیەی ئەمانە بۆ هەمیشە داخرابوون. میشێل هەوڵی دەدا کە بزانێ مەبەستی چییە. خەریك بوو هەموو شتێك بەخێرایی ڕوو بدا.

ئەم قۆڕیاتانە یانی چی؟

ئوتوو بە دەنگی نەرمترەوە قسەی دەکرد:

ئێمە نەماندەویست بە تۆ و لیزابێتی بڵێین.

دایکی (مانگی) جولای گەڕایەوە بۆ مونت سینای. ئەوان بردیانەوە بۆ ئەوێ.

ئێمە بڕیارمان داوە. ئیتر قسەی ناوێ. ئەرێ میشێل تۆ تێ دەگەی! هەر تەنیا ویستم ئاگادارت بکەم و داوات لێ بکەم کە ڕێز لە تکای ئێمە بگری.

– چ تکایەك؟

– دیسان سەیری ئەلبومەکانمان کردەوە. سەیری هەموو ئەو فۆتۆ کۆن و یادگارییانەی کە لەو ماوەیەدا کۆمان کردبوونەوە. چاومان بەو شتانە کەوتەوە کە من چڵ ساڵ دەبوو نەمدیتبوون. تێرزا هەر دەیگوت:

سەیر کە، ئێمە هەموو ئەو کارانەمان کردووە!؟ ئێمە ئەوەندە تەمەنمان تێ پەڕاندووە!؟

زۆر سەیر بووە. بەڵام بە قەبری بابیەوە، ئێمە بەختەوەر بووین. زانیمان کە بەختەوەر بووین، بێ ئەوەی هەستمان پێ کردبێ. چیها ساڵ تێ پەڕیوە. من و تێرزا شەست و دووساڵ پێکەوە ژیاوین. ڕەنگبێ وا بیر بکەیەوە کە بڕستت لێ دەبڕێ، بەڵام گەر وەکو خۆی سەیری خۆی بکەی هیچیش وا نییە. تێرزا دەڵێ تا بە ئێستاش بە قەد سێ جار ژیاوین، مەگین وانییە؟

میشێل لە سەریدا هەستی بە گەڕیانی خوێن دەکرد، گوتی:

ببووره، ئەو بڕیارەی کە ئێوە داوتانە چییە؟

ئوتوو گوتی:

باشە، من داوات لێ دەکەم کە ڕێز لە تکای ئێمە بگری، پێم وابێ تێ دەگەی.

– من لە چی دەگەم؟

دڵنیا نەبووم کە لەگەڵ لیزا بێت قسە بکەم یان نا. بڵێی چ بکا؟ دەزانی، ئەویش کاتێ منداڵەکان لە ماڵێ دەچنە دەرێ و دەچن بۆ زانکۆ. ئوتوو بێدەنگ بوو. ئەو کەسێکی ڕێکوپێك بوو. ئەگەرچی لە لیزابێت دەڕەنجا و بێ تاقەت دەبوو، یان لە ڕابوردوودا ببوو، بەڵام کەس گلەیی و گازندەی نەدەبردە لای میشێل. بەلەحنێکی پڕ متمانە و هێمنەوە درێژەی پێ دا:

میشێل بێ یەك و دوو گوتی کە ئەو لە کوێیە!!

– لە کوێم؟

– تۆ لە فارست هیل – ی؟

ئوتوو بۆ ساتێك بێدەنگ بوو: نا لەوێ نیم.

– ئەی لە کوێی؟

ئوتوو بە ئارامی گوتی:

– لە کەوێڵم.

– کەوێڵ؟ ئۆسەبێل؟

– بەڵێ ئوزبێل.

ئوتوو بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو هەتا کاریگەریی قسەکەی کەم بێتەوە.

ئەوان ئەم ناوەیان وەکوو یەك نەدەگوت. میشێل گوتی ئۆسەبێل کە دەبووە سێ دەنگ و ئوتوو دەیگوت ئۆزبێل و وەکوو خەڵکی ئەوێ دەنگێکی نەدەگوت. ئۆسەبێل مڵکی بنەماڵەی بێن بوو لە ئیدیرنۆداکس.

سەدان مایل لە شار دوور بوو. هەتا ئەویٚ، لە باکووری ئۆسەبێل فوراك، بە ماشێن حەوت سەعات ڕیٚ بوو.

سەعاتە ڕێیەکی ئەو جادەیە دەبووە شاخ و کێو و شۆستە و بەرتەسك و پڕ پێچوپەنا. تا ئەو جێیەی میشێل لە بیری بوو بنەماڵەی بێن چەندین ساڵ بوو نەچوبوونە ئەویٚ. ئەگەر سەبارەت بەو مڵکە شتێکی بگوتبایە – کە نەیدەگوت لەبەر ئەوەی کاروباری سەبارەت بە دایك و باوکی لیزا بێت – ی هەر بە خۆی سپاردبوو – پێشنیاری دەکرد کە ئەو مڵکە بفرۆشن، مڵکێکی کە لە ڕاستیدا کەوێڵ نەبوو، بەڵکوو ماڵێکی دروستکراو لە چێو بوو، بە شەش ژوورەوە و زستانان کەس نەیدەتوانی لەویٚ بژی. ئەو ماڵە لە زەوییەکی دوازدە هکتاریدا لەگۆشەیەکی دڵڕفێن لە باشوری کێوی موریا دروستکرابوو. میشێل پێی خۆش نەبوو ڕۆژێك بێت و ئەو مڵکە بە لیزا بێت بگا. لەبەر ئەوەی ئەوان نەیاندەتوانی بە ئاسانی ئەویٚ بفرۆشن کە سەردەمایەك بۆ تێرزا و ئوتوو زۆر بە نرخ بوو. ئوسەبێل ئەوەندە دوور بوو کە کەس نەدەگەیشتە ئەویٚ. ئەوان بە جۆرێك عادەتیان بە ژیان لە شار کردبوو کە کاتیٚ لەو شتە دوور دەکەوتنەوە... بۆ خۆیان پێیان دەگوت شارستانیەت، بێتاقەت دەبوون. جادەی قیڕ، ڕۆژنامە، دوکانی ئارەق فرۆشی و دەرفەتی چوون بۆ ڕیستورانتی چاك. بەڵام لە ئوسەبێل ئەگەر چەندین سەعاتیش بەڕیٚ دا بڕۆی پێت وایە بە کویٚ دەگەی؟ بە ئوسەبێل فوراك. چەندین ساڵ لەوە پێش، کاتیٚ منداڵەکان بچووك بوون، هاوینان بۆ سەردانی دایك و باوکی لێزا بێت دەڕۆیشتنە ئەویٚ. خودا هەڵناگریٚ ئیدیرنۆداکس شوێنێکی جوان بوو. بەیانی زوو، کێوی گەورەی موریا لە نزیکەوە وەکوو ماموتێك کە لە دڵی خەیاڵەوە سەری دەرهێنابیٚ، بە جوانی دەبیندرا. هەوا هێندە پاك و خاوێن بوو وەکوو خەنجەرێك بە سییەکاندا ڕۆدەچوو و تەنانەت ئاوازی مەلەکان لە هەموو کات جوانتر و باشتر دەبیسترا. دەتگوت گۆڕانی دنیا بە گوێدا دەچرپێنن. بەڵام دیسانەوە لیزا

بێت و میشێل دەیانویست بەخێرایی بگەڕێنەوە بۆ شار. دوانیوەڕۆیان، لە ژووری خۆیان، لە نهۆمی دووەم، کە دیمەنێکی جوانی بەرەو دارستان هەبوو و وەکوو گەمییەك سواروی سەر گەڵای سەوزی درەختەکان بوو، بە مەیلێکی لەبڕان نەهاتووەوە ئاشقێنیان دەکرد و ئەو خەونەیان بە گوێی یەکتریدا دەچرپاند کە هەر لەوێ باسی لێ دەکرا. بەڵام دیسانەوە دوای ماوەیەکی کورت، پێیان خۆش بوو کە بگەڕێنەوە. میشێل بە زەحمەت ئاوی دەمی قووت دا. عادەتی ئەوەی نەبوو لە خەزووری بکۆڵێتەوە و وەکو ئەوەی قوتابییەکی ئوتوو بێ پێی وابوو لەو پیاوەی کە ڕێزی لێ دەگرێ دەترسێ.

– ئوتوو ڕاوەستە بزانم. تۆ و تێرزا لە ئوسەبێل چ دەکەن؟

ئوتوو بیرێکی کردەوە و گوتی:

هەوڵ دەدەین کە مەڵهەم بخەینە سەر برینەکانمان. ئێمە بڕیارمان داوە، هەر لە بەر ئەوە تەلەیفۆنم کرد.

ئوتوو بۆ ساتێك بێدەنگ بوو:

تەنیا بۆ ئەوەی ئاگادارت بکەمەوە.

میشێل هەستی بەوە کرد کە ئەو لە قسەکردندا لەڕادەبەدەر بەئاگایە. دەتگوت کە شەق لەبەر زگیان هەڵداوە:

یانی چی؟ ئەمە چی بوو کە دەیبیست؟ هەڵەیەك ڕووی داوە. من نەدەبوو ئەم تەلەیفۆنەم هەڵگرتبوایە. ئوتوو لە گوتنی ئەمە دابوو کە ئەوان لانی کەم سێ ساڵی ڕەبەقە پلانیان بۆ داڕشتووە. هەر لەو کاتەوە کە زانیویەتی نەخۆشە، خەریکی کۆکردنەوەی ئەو شتانە بوون کە پێویستمان بوو، ئارام بەخشی چاك و بەهێز. بەپەلە بڕیاریان نەدابوو هەتا ئێستاکە بیانەوێ بیری لێ بکەنەوە و بۆ هیچ شتێکیش بەداخ نەبوون.

ئوتوو درێژەی پێ دا:

– دەزانی کە من کەسێکم کارەکانم بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدەم.

ئەمە تەواو وابوو. هەر کەسێکی کە ئوتوو ناسی بوایە ئەمەی دەزانی.

میشێل لە لای خۆی بەراوردی دەکرد: ئەو چەندەی ماڵ و سامان هەیە؟ تا ئەو جێیەی کە ئەو دەیزانی لە دەیەی هەشتادا بڕێك بەرگەی بەنرخی بانکی کڕیوە و چەند ملْکێکیشی لە لانگ ئایلەند هەیە کە بەکرێی دابوون. میشێل هەستی بەوە کرد کە خەریکە دڵی تێکەڵ دێ.

هەمووی ئەمانە بۆ ئێمە بەجێ دێڵن! ئەی بۆ کێی بەجێ بێڵن؟

تێرزای دەدیت کە خەریکە پێ دەکەنێ. وەکو ئەو کاتانەی نانی تێر و تەسەلی شەوێی بۆ کریسمەس دروست دەکرد و جێژنی شوکرانەبژێری دەگرت و بە دەست ئاواڵەییەوە دیاری دەدا بە نەوەکانی. ئوتوو خەریکی قسەکردن بوو:

– بەڵێنم پێ بدە میشێل، دەبێ متمانەت پێ بکەم.

میشێل گوتی:

– چاو لێ کە ئوتوو بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو:

ئێمە ژمارە تەلەیفۆنی ئەوێمان هەیە؟

ئوتوو: تکات لێ دەکەم وڵامم بدەوە.

میشێل گوێی لە دەنگی خۆی بوو کە دەیگووت: دیارە کە دەتوانی بڕوام پێ بکەی. ئوتوو پێم بڵێ بزانم ئایا تەلەیفۆنتان هەیە؟

ئوتوو نائومێدی کرد:

نا ئێمە لێرەکانە هیچ کات تەلەیفۆنمان نەبووە.

وەبیری هاتەوە کە پێشتریش لە سەر ئەمە دمە قاڵەیان بووە. میشێل گوتی:

– دیارە کە ئێوە لەو کەوێڵەدا تەلەیفۆنتان پێویستە. تەلەیفۆن بۆ ئەوێ هەر زۆر پێویستە.

ئوتوو لە بەر خۆیەوە شتێکی گوت کەنەبیسترا، بەڵام واتاکەی وەکو شان هەڵتەکاندن بوو.

میشێل بیری کردەوە کە بە تەلەیفۆنێکی گشتی لە ئۆسەبێل ەوە پەیوەندی کردووە. بە پەلە گوتی:

دە گوێ بدەیە، ئێمە ڕەڕێ دەکەوین و دێین بۆ ئەوێ. تێرزا  چۆنە؟

ئوتوو وەڵامی دایەوە:

تێرزا چاکە. چاکی چاك و پێویست ناکا بێن. دواتر درێژەی پێ دا:

ئەو خەریکی حەسانەوەیە، لە دەرەوە لە بەر هەیوانەکە خەوتووە، زۆر چاکە. هاتن بۆ ئۆسەبێل لە پێشدا بیرۆکەی ئەو بوو. هەمیشە ئێرەی پێ خۆش بووە.

میشێل بە نیگەرانیەوە گوتی:

بەڵام خۆ ئەوێ زۆر دوورە.

ئوتوو گوتی: بۆ خۆمان وامان پێ خۆش بووە میشێل.

ڕەنگبێ ئێستاکە تەلەیفۆنەکە دابخا. میشێل هەوڵی دەدا درێژە بە قسەکردن بدات. پرسی:

چۆن چوونە ئەوێ؟ لە کەیەوە لەوێن؟ ئوتوو وەڵامی دایەوە:

لە یەکشەممەوە، دوو ڕۆژی پێ چوو تا گەیشتینێ. من ئێستاش دەتوانم ماشێن لێ خوڕم و پێ کەنی. ئەم بابەتە بۆ ئەو وەکوو کۆنە برین وابوو. چەند ساڵ لەوە پێش خەریك بوو کە ئیجازەی ماشێن لێ خوڕینەکەی لێ بستێننەوە، بەڵام بەهۆی پزیشکێکی ئاشناوە ئیجازە نامەکەیان پێ داوە. هەرچەند ئەگەر هەبوو ئەم کارە هەڵەیەکی مەرگاوی بێ، بەڵام کەس نەیدەتوانی ئەمەی پێ بڵێ و ئیجازەنامە و ئازادییەکەی لێ زەوت بکا. کەس نەیدەتوانی. میشێل گوتی کە ئەوان سبەینێ وەڕێ دەکەون و خۆ دەگەیەننە ئەوێ.

گوتی کە بەیانی وەڕێ دەکەون. ئوتوو بەتوندی و بە لەحنێکی ناخۆشەوە ئەم پێشنیارەی ڕەت کردەوە.

– ئێمە بڕیاری خۆمان داوە. ئیتر قسەی لێ مەکە. چاك بوو کە لەگەڵ تۆ قسەم کرد. تۆ بۆ خۆت دەتوانی بیر بکەیەوە کە چۆن بە لیزابێت بڵێی.هێور هێور... هەر چۆنێك کە بۆ خۆت پێت باشە. تێی بگەیەنە، باشە؟

میشێل گووتی: باشە بەڵام ئوتوو کارێك نەکەی کە ..... پشوو سوارو گێژ ببوو و نەیدەزانی چی دەڵێ. ئازای گیانی بە ئارەقە خوسابوو. دەتگوت کە شتێکی قاڵیان بەسەر داکردووە. بە توندی گوتی:

دیسان تەلیفۆن دەکەینەوە؟ ژمارەیەکمان پێ بدە هەتا تەلیفۆنت بۆ بکەین. لیزا بێت تا نیو سەعاتی دیکە دێتەوە.

ئوتوو گوتی:

تێرزا پێی وایە کە باشترە هەموو شتێك بۆ لێزا بێت و تۆ بنووسێ. ئەو ئاوای پێ باشە. ئیتر پێی خۆش نییەکە تەلەفۆنی بۆ بکەن.

میشێل گوتی:

بەڵام ئوتوو لانی کەم لەگەڵ لیزا بێت قسە بکە. مەبەستم ئەوەیە کەمێکی لەگەڵ بدوێی. لەبارەی شتێکی دیکە. هەرچیت پێ خۆش بوو. دەزانی ئیتر. سەبارەت بە هەر شتێك.

ئوتوو گوتی:

من داوام لێ کرد کە ڕێز لە تکاکەمان بگرێ میشێل، تۆ بەڵێنت پێ داین.

میشێل بیری کردەوە:

من؟کەی؟ چ بەڵێنییەك؟ یانی چی!؟

ئوتوو خەریك بوو دەیگوت کە:

ئێمە هەموو شتێکمان لە ماڵێ ڕێکوپێك کردووە. وەسێتنامە، بیمەنامە و بەڵگەی بانك و کلیل وگشت شتێ لەسەر مێز دانراون. تێرزا هێندەی پرتە و بۆڵە کرد تا چووم و وەسێتنامەیەکی نوێم نوسی، چاك بوو کە ئەم کارەم کرد. تا وەسێتنامە نەنووسرێ مرۆڤ نازانێ چی دەبێ بکرێ. پاش تەمەنی هەشتا ساڵی مرۆڤ لە خەیاڵدا دەژی. بەڵام هەموو کەسێك دەتوانێ کۆتایی بە خەونەکانی بێنێ، هەر بەو چەشنەی کە پێی خۆشە.

میشێل گوێی پێ دەدا بەڵام لە مەسەلەکە تێ نەدەگەیشت. فکری ئاڵۆز ببوو. دەتگوت کە بە وەرەق یاری دەکا.

– ئوتوو قسەکانت گشتیان ڕاستن. بەڵام ڕەنگە باشتر وابێ زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بدوێین. تۆ دەتوانی ئامۆژگارییەکی باشمان بکەی، بۆچی کەمێك چاوەڕێ ناکەی هەتا ئێمە بێینە لاتان. بەیانی بەر لە زەردەپەڕ وەڕێ دەکەوین. تەنانەت دەتوانین هەر ئەمشەو وەڕێ بکەوین.

ئوتوو قسەکانی بەجۆرێك پێ بڕی ئەگەر کەسێکی تر ئەوی بە تەواوی نەناسی بوایە دەیگوت کە ڕەنگە فێری قسەکردن نەبووە.

– دەی باشە، شەوت خۆش. ئەم تەلیفۆنە خەرجی زۆرە. ئێمە ئێوەمان زۆر خۆش دەوێ و تەلەیفۆنەکەی داخست.

کاتێ لیزا هاتەوە، دەتگوت هەستی بەو ڕووداوە ناخۆشە کردووە. میشێل لە تراستی پشتەوە، لە بوومەڵێکی ئێوارەدا بە تەنیا دانیشتبوو. گلاسێکی لەبەر دەم بوو بە هێمنی دانیشتبوو.

– خۆشەویستم... شتێك ڕووی داوە!؟

–چاوەڕێت بووم.

میشێل قەت بەم چەشنە چاوەڕێی نەدەکرد. هەمیشە خەریکی شتێك دەبوو. هەموو شتێك هەر وەکوو جاران بوو و لیزا بێت هات و بە ئارامی ڕوومەتی ماچ کردو (لە ئامێزی گرت). دەم و چاوی گەرم و قژی ئاڵۆزکاو

بوو و بلوزەکەی بە ئارەقە خوسا بوو. لیزا بێت بە حەپەساویەوە ئاماژەی بە گلاسی بەر دەم کرد: بە بێ من دەستت پێ کرد؟ ئەمەش نائاسایی بوو کە میشێل شەرابێکی هەڵپچڕیبوو... چەندین ساڵ پێشتر دایك و باوکی لیزا بێت بە دیاری پێیان دابوو. ئەو کاتەی کە ئەو گرنگییەکی زۆری بە چاك و خراپی شەراب دەدا و بەو ڕادەیەی نەدەخواردەوە.

لیزابێت بە نیگەرانییەوە پرسی: کەسێك تەلیفۆنی کردووە؟

—نا.

—هیچ کەس!؟

—هیچ کەس.

لیزابێت هەناسەیەکی هەڵکێشا. میشێل زانی کە لیزا بێت هەستی بەوە کردووە کە باوکی تەلیفۆنی کردووە وئەگەر چی بەر لە سەعاتی یازدە کە خەرجی تەلیفۆن کەمتر دەبووەوە تەلیفۆنی کرد.

میشێل گوتی: ئەمرۆ هیچ شتێك ڕووی نەدا. دەڵێی هەموو کەس بێجگە لە ئێمە ماڵیان بەجێ نەهێشتووەو ڕۆیشتوون.

ماڵە دوو نهۆمەکەیان لە دار و شووشە دروستکرا بوو. میشێل بۆخۆی دیزاینی کردبوو و چواردەوریشی پڕکردبو لە درەختی کاژ و بەڕوو. لەبەر ئەوەی نەیانتوانیبوو خانووی دڵخوازی خۆیان بدۆزنەوە بڕیاریان دابوو کە خانوویەك بە دڵی خۆیان دروست بکەن. بیست و حەوت ساڵ بوو کە لەوێ دەژیان. میشێل لە ماوەی دوور و درێژی پێکەوە ژیانیاندا یەك دوو جار خەیانەتی بە لیزا بێت کردبوو و دەیزانی کە لیزا بێت یش لانی کەم لە فکری و خەیاڵی خۆیدا وەفاداری نەبوو. بەڵام زەمان بەسەر چوو بوو و هەر بەو شێوەیەش تێپەڕ دەبوو، دروست وەکو ئەو شتانە دەئاڵۆزکان کە بە ڕێکەوت کەوتبوونە نێو کمۆدەکەوە. ڕۆژ و هەفتەو مانگ و ساڵ پێکەوە هەر بەو شێوەیە بەسەر یەك دا دەکەوتن. ئەمانەش دەیتوانی هەم دڵخۆشی

و هەم کاسی و وڕی بێنن. وەکوو ئەو خولیایانەی لەکاتی خەودا ڕوون و خۆشن، بەڵام هەر کە چاو دەکەینەوە هەموو بزر دەبن و تەنیا هەستێك لە ئێمەدا دەورووژێنن. ئەگەرچی بەشێك لە خولیاکان دڵخۆشت دەکەن، کەچی خەم و خەفەتیش دێنن.

لیزابێت لەسەر کورسی ئاسنی لە لای میشێل دانیشت. ئەو کورسیەی کە زۆر پێشتر کڕیبوویان، بەڵام بەم زووانە ڕەنگیان کردبووەوە و کوشنی چەرمی تازەیان تێ گرتبوو.

– پێم وایە کە هەموو ڕۆیشتوون. ئێرە وەکو ئۆسەبێل – ی لێ هاتووە.

میشێل بە سەرسووڕمانەوە چاوی لێ کرد: ئۆسەبێل!

– وەبیرت دێ هەر ئەو شوێنەی کە دایك و باوکم خاوەنی بوون.

– ئێستاش هی ئەوانە؟

– پێم وابێ، نازانم. پێکەنی و خۆی لێ نزیك کردەوە:دەترسم لێیان بپرسم.

گڵاسەکەی لە دەستی میشێل وەرگرت و لێوی پێ تەڕ کرد.

– ئێمە لێرە بە تەنیاین. بە خۆشی تەنیاییمان.

## ژێدەرەكان:


* فصلنامەی ادبی، هنری گلستانە بهمن ۱۳۷۹، شمارەی ۲۵، سال سوم.
* ضمیمە رایگان شمارەی ۲۰٤۹ روزنامەی همشهری شنبە ۱۵خرداد ۱۳۸۰ شمارەی ۳.
* زندەرود–فصلنامەی فرهنگ، ادب وتاریخ شمارەی دوم و سوم–زمستان ۷۱، بهار۷۲.
* ماهنامەی ادبی پروین، شماەی یك، بهمن ۱۳۸۰.
* ماڵپەری www.dibache.com

## پێڕست


لە بارەی جۆیس کارۆل ئوتسەوە ........ ٥
ئەگەر سەرناوێکمان بۆ ژنێکی ئەدیب دەبوو ........ ٧
بەسەرهاتی مێرلین مۆنرۆ کچی قژ زێڕینی ئەمریکایی ........ ١١
رەخنە دژوارترین فۆرمی نووسین ........ ٢١
چیرۆك ........ ٢٧
بەزاندنی سنوور ........ ٢٩
منداڵی گرینۆك ........ ٣٥
ڕیش ئاوی ........ ٥٠
گەرما ........ ٥٣
دوای مردن ........ ٦٨
پێ خاوسی ........ ٧٢
ئوسەبێل ........ ٧٤